# هەگبەیەکی کۆساران

بابەت: یادەوەری و گێڕانەوە
نووسەر: ئاسۆ بیارەیی
ژمارەی سپاردنی کتێبخانەکانی سوێد:
ISBN 978-91-984076-3-1
چاپخانەی کارۆ. سلێمانی باشووری کوردستان
چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٨
تیراژ: ٥٠٠ دانە

پێشکەشە بە نیشتیمانپەروەران!

**سۆپاس و پێزانینی تایبەتیم بۆ:**

نووسەری بەڕێز ،مامۆستا پشکۆ نەجمەدین، کە ئەرکی پێداچوونەوەی زۆربەی بابەتەکانی ئەم بەرهەمەی گرتە ئەستۆ!

پێشەوا خالید کەریم و مامۆستا عەبدولڕەحمان کە هاوکارییان کردم بۆ پەیداکردنی هەندێ وێنەی مام و پورم و شارۆچکەی بیارە!

کاک سەلاح گەرمیان، کە پێداچوونەوەی بە کورتەی ئینگلیزییەکەوە کرد.

## ئەم هەگبەیە چی تیایە؟

چواری دوانزەی ١٩٨٣ بوو ڕومکردە شاخ، شاخێک کە پێشتر تەنها لە دوورەوە، کە هاوینیان دەچووین بۆ هەورامان لەسەر ڕێگەی خۆرماڵ و بۆ شارە دێی بیارە، بە کەناریدا تێدەپەڕین، دەمبینی شینی دەکردەوە. زارۆبووین باسی ئەوەمان دەکرد، کە فلان کەس تاسەر ئەو لوتکەیە نەوێسیاوە. هەندێ جاری تاتەم باسی دۆڵ و هاژەی چەمی زەڵمی بۆ دەکردین و چۆن ئاونگپڕژینی گەلا تەنەکەکانی دارقەیتەران و دارەکانی نزیکی دەکرد. ئەو ڕۆژەی لەگەڵ دایکمدا گەیشتینە بن ئەو تاڤەگەیە، ئیدی زانیم بۆچی تاتەم بەردەوام باسی جوانی ئەو دەڤەرە دەکا و بەشێکی دڵی لەوێ، لە تەلانەکانی جێماوە.

چەند مانگێک دەبێ بوومەتە پێشمەرگە و فرەجار بەلای ئەو تاڤەگەیدا تێدەپەڕم. ڕۆژێکی هاوینە، لەگەڵ چەند پێشمەرگەین ئاگرێکی چکۆلەمان کردوەتەوە، قۆرییەکی قوپاومان کردوەتە سەری و چاوەڕیین چا بخوێنەوە. پێم وایە سێشەمەیە و چێژ لە فێنکایی هەناسەی تاڤگەکە وەردەگرین. هاوڕییەکی عەرەب، بەپڕتاو دێت و دەڵێ:

بزانە ئەو پیاوە سەرسپییە و ئەو ژنە پرچ برنجییە، چییان دەوێ من تێناگەم! ! ژنکە سەرپۆشێکی سپی لە ملی ئالاندبوو، پەلکەکانی تێکەڵی سەرپۆشەکەی بەجۆرێک بوون، لە ژنێکی هیندە سوورەکانی ئەمریکا

دەچێ. وام بیرکردەوە کە ڕەنگە خەڵکی ئاوایی بن و پێویستیان بە دکتۆر بێ. نەخێر، هەر کە لێیاننزیک بوومەوە، دایکم و تاتەم بوون، هێندەی هێمنی ئامێزی ئەو چەمە، گەرم و ئارامیان کردمەوە. ئەو پێشمەرگە عەرەبە، کە دواتر لە شەڕی گوندی (تازەشار) لە بناری گلی گەرمیان ، ڕۆژی هەشتی چواری ١٩٨٨ شەهید بوو، تاسا. لە مێژ بوو کەسوکاری نەدیتبوو، تاتەم و دایکم ئەویشیان لە ئامێز گرت. لەو ڕۆژەوە بابم هاتە شاخ، تاکو دواتریش، کە دوای حەوت ساڵ بە دیداری شادبوومەوە، کۆمەڵێک یادەوەری تاڵ و شیرنمان پێکەوە ئاوێتەبوون، تەنها وەک تاتە نا، بەڵکو وەک هاوڕێ و مامۆستایەک کە بەردەوام وانەی ئەوینی بۆ نیشتیمان پێم دەوتەوە.

ئاسۆ بیارەیی .یەکی نۆی ٢٠١٧ سوێد

-١-

## چۆن فێری وشەی یابە بووم!

لە پایزی ساڵی ١٩٧٢ تازەماڵمان گواستبویەوە بۆ بەغدا و کەوتبووینە گەڕەکی ڕاغبەخاتوون، ماڵێکی دوو نهۆمان لە ژنێکی کورد بە ناوی (بەهیە هۆقێ) گرتبوو، زۆرجار کە دەهات بۆ کرێ خانووەکە وام دەزانی پیاوە، لەسەرەوە نێربوو لە خوارەوە مێ، ئیدی نازانم سوێندی خواردبوو وابێ یان نەء. پیرە دارێکی گەورەی گوێز لە حەوشەکەی پشتەوەمان هەبوو بوو، کوڕێکی دراوسێمان بە ناوی سەعد، کەمێ شێتەڵۆکە، ئاشقی ئەو گوێزەبوو، هەرچەندە لێشمان تێ نەدەگەیشت، بەڵام کە ناومان دەهێنا، یەکسەر خۆی و تایەیەکی دەهێنا و دەکەوتە گوێز تەکاندن. جارێکیان دایکم نانی هەورامی دەکرد و بەشی دا، بە دایکی وتبوو کوردەکان قاقەز دەخۆن.

دنیا گەرم بوو، باوکم یەکی مەتارەیەکی سووری ئاو خواردنی بۆ من و براکەم، بۆ قوتابخانە کڕیبوو، هەرچەندە تەلاری قوتابخانەکە لە ڕوباری دیجلەوە نزیک بوو، بەلام بۆریەکانی یەک دڵۆپەی ئاویان لێ نەدەتکا. هەندێ لەمنداڵەکان بە دزداشەوە دەهاتن. .دایکم مەتارە سوورەکانەی هەر شەو دەخستە ناو

فرێزەرەوە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ تا نێوەڕۆ بەشی ئاو خواردنەوەمان بکا .

پاشنیوەڕۆیەک زەنگی چوونە ژوورەوە لێیدا و منیش وەک قوتابییەکانی دی خۆم کرد بە ژووردا، تەنها ئەوە تێ دەگەیشتم کە ئەوە زەنگی دەستپێکردنی وانەکانە. و دەبوو خێرا بەرەو پۆلەکەی خۆم بچم، ڕاڕەوەکە زۆر تەنگ بوو، کوڕێکی ڕەش، دیاربوو لە تەمەنیشدا گەورەبوو، شتێکی وت تێنەگەیشتم، درێژەم بە ڕۆیشتن دا، نەخێر ئەو هێندە بە توندی مەتارەکەی فڕاندم کە مەتارەکە وەک خڕە بەردێکی چەمی بیارە، کێشای بەدەمی خۆیدا و بوو بە گریان و یابە، ئا لەوێدا فێری وشەی یابە بووم، وامزانی ناوی یابەیە، زۆر دڵم تەنگ بوو، کەوتمە جنێوّدان بە کوردی و شەڕکردن. ئەوە یەکەم جاری نەبوو وا بکا.

ئیدی دەتوت خوێندکارەکانی دی دارخورمای هەنگوینیان لە هۆری* حوێزەدا دۆزیوەتەوە، بوو بە قڕە و هاوار..کوڕەکە لایەکی شینبوویەوە و مەتارەکەم هەڵگرتەوە. لەو کاتە مامۆستایەک گوێچکەی لەپشتەوە گرتم و بردمی بۆ ژووری بەڕیوەبەر. ئەو پرسیاری دەکرد و منیش هەولّم دەدا بە ئیشارەت

تێیبگەیێنم..بەڵام سوودی نەبوو، لە باتی  ئەوە بەردەوام داری لێ دەدام.

مامۆستایەکی عەرەبیم هەبوو، دەموچاوی زۆر ناوازە بوو، نەمن نە خوێندکارەکانی دی لێ تێنەدەگەیشتین، ئاخۆ تورەیە یان دڵشاد. بەردەوام پێکەناوی بوو، وشەی سۆپەرمان لە زاری نەدەبڕا، زۆرجاریش لاسایی دەکردوە. ناوی موحسن بوو، دڵنەرم و میهیرەبان، ئای چەندی پێیخۆش بوو گۆرانی کوردی بۆ بچڕم. منیش درێغیم نەدەکرد و گۆرانی (سوەیلە باڵابەرزم) بەدەنگی بەرز بۆ دەچڕی. لەسەر ئەوە خزمێکی باوکم وتبوی: ئێمە بیست ساڵە لە بەغداین کەس نازانێ کوردین، ئەنگۆ بەیەک مانگ لایەکی بەغداتان تێگەیاند کە هەورامیشن، دەنگی کوڕەکەت تا ژووری بەڕێوەبەر دەڕوا.

لە کاتی ئەو لێدانەدا چەند وشەیەکی دی عەرەبی فێربووم، وەک" ابن کلب، وەحش، ماتفتهم" و جار جاریش وەک ترش و خوێی سەر کالیار، دەیوت کوردی کوردی، مەگەر هەر خۆی و ئەوانی دی بزانن چەند جنێوم خواردووە .

مەتارە سوورەکەمیان وەک و شمشێرەکەی عەلی شکاند و نەم بینیوە. دواجار بەوە ڕزگارم بوو  کە

مامۆستایەکی فەیلیان بۆ وەرگێڕان هێنا تا منیش ڕووداوەکەیان بۆ باسبکەم. زۆریش لەو تێنەگەیشتم. دواتر زۆر لە قوتابییەکان پێیان وابوو کە من بەرگریم لە خۆم کردوە و مەتارەکەم کێشاوە بە دەمی ئەو قوتابییەدا، هەر بۆیە هەندێکیان زۆریان پێخۆش بوو کەوا لایەکی شین بووەتەوە، وایان دەزانی پاڵەوانم.

ئەو ڕۆژە تا درەنگانێ لەسەر ئەوەی، کە زمانم نەدەزانی و باوکم ئێمەی تووشی غەریبی کردوە، خۆم کرد بە نووستوو و بێتاقتی شاری سلێمانی بووم. هەندێ جار بیرم لەوە دەکردەوە، کە کەی ئەو رۆژە دێ تۆڵەی مەتارەکەم بکەمەوە. ساڵ هاتوچوو بووم بە پشمەرگەی حزبێک کە ڕەنگی سووریان وەک هی مەتارەکەی من خۆش دەویست. هەر لای ئەو لایانە، ئەو چیرۆکەم بۆ هەندێ لەو پێشمەرگە عەرەبانە باس کرد کە منداڵانی نەتەوەکەیان چە یادگارییەکی تاڵیان بەمن داوە، هەندێکیان تێدەگەیشتن و چەندێکی تریشیان دەیانوت ئەی ئەوە نیە لە تۆڵەی مەتارەکەی تۆ ئێمە شەرواڵی کوردیمان پۆشیوە و خۆمان فیری کوردی دەکەین .

پایزی ۱۹۷۳ و نوێکردنەوەی ۲۳ی ۸ی ۲۰۱٦

هۆر: زەلکاوەکانی خوارووی عێراق

-٢-

## یەکگرتنەوەیەک لەگەڵ شاری سلێمانیدا

کات: دوو نیوی پاشنیوەڕۆی ١٦ ی شەشی ١٩٩٣ یە

شوێن: گەڕەکێکی دڵی شارە، ناوی مامۆستایانە، لانەیەک کە شادەمارێکی تەمەنمی پێوە بەستراوە. نێوەڕۆیە، دایکێک کوڕێکی بە گەورەیی دەبێ و هەمان ناوی دەنێ، ئاسۆ، ئاسۆیەک کە پێش سی ساڵ، باوکی لە زیندان دەبێ و لە خۆشی ئازادبوونی، ناوی دەنێ ئاسۆ.

کە چواری دوانزەی ١٩٨٣ شارم لەگەڵ دایکمدا بۆ شاخ بەجێهێشت، گەڕەک هەمان بێدەنگی تاسانبووی. بە تەکسیەکە دەڵێم:

کاکە لێرە دامبەزێنە، کەمی لە خوار دەرگاکەوە، نەبا دایکم توشی شاگەشکەی شادی ببێ! بە ئاستەم دەرگای حەوشە دەکەمەوە، تەواو دوو و نیوی پاشنیوەڕۆیە، هێشتا دنیا تەواو گەرم نیە، جار جار هەوایەکی فێنک، سازگار وەک ئەوەی قەندیل، ڕوحم فێنک دەکاتەوە. ساتەکانی یەکتر دیتنەوە، هێندە پەرۆشی بەختەوەرییان بوو، خەریک بوو، زمانم لە گۆ بخەن. دەرکی حەوشە دەکەمەوە، هێشتا کەسیان، نەدایە، نەبابەو خۆشکوبراکانم وەئاگانین، دەتوت هەمان ساتی ساڵانی پێشوە، ئەوەی تەنها گۆڕاوە، نەمانی

دارتــوەکەیە، هیمــای مــاڵیکی هەورامیــیە لەو گــوزەرە، کەباوکم پێش چەند مانگێ نوسی بوو، لەبەر نەبوونی سوتەمەنی بریویانەتەوە.

دەگەمە دەرگـــای دووەم، هەموویـــان ڕاکشـــاون و نوســتون. وەک شــەوێکی پێشــمەرگایەتی، ســەردانیان دەکەم. بە گــوێی دایەدا دەچــرپێنم، ئاســۆی کــوڕتم. ئەوەندەی خۆش بوو زارم توانی ئەوە بڵێ، ئیدی ماچ بــران کــرام، لە ئــامێزکرام و پــڕ بەو ڕۆژە بــوومە نوخشەی بەختەوەرییان..

هێشــتا دایە و بــابە. لە تەماشــاکردنم تێــر نەبــوون، دراوسێکانیش دەڕژێنە سەرمان. ئەوە ماڵی مامۆستا ئەختەرە، حاجی ڕەشید، حاجی ساڵح و مامۆستا عومەر و ئەوانــی دیــش هەروەهــا، تــا درەنگــانێ، شــەوێنمان دەکەن و دەمێننەوە. هەموومان پێکەوە پەلەی ئەوەمانە، کە چۆن ساتەکانی دابڕانی چەند ساڵەمان بە ئەوین ببەستینەوە و پڕ هیوایان بکەینەوە.

١٦ی جون ١٩٩٣ گەرەکی مامۆستایان
سلێمانی

-٣-

## بۆ یادی ئەحمەد گریانە*

١٩٧٩/٧/٢٨ یە، باوکم بۆ پرسەی یەکێ لە خزمانمان، سەردانی شارۆچکەی خۆرماڵ دەکات. لە چایخانەکەی ناو ئاوایی دەیەوێ چەند ناسیاوێکی ببینێ و پێکەوە سەرەخۆشی بکەن. ئەو دەمە بەعس لەوپەڕی هێزو بالا دەستیدا بوو. دەها تۆڕی سیخوڕی، بە تایبەتی لە هەندێ فەرماندەو سەرکردەکانی ئەیلول دروست کردبوو. لەو چایخانەیەدا، کەسێکی ئەو ناوچەیە، بەدەنگ بەرز بە باوکم دەڵێ: ها شیوعی کافر هێشتا ماوی، خۆ حزبەکەت وا تەواو دەبێ؟

ئەو کەسە کاتی خۆی خوێندکارێکی تەمەڵی باوکم دەبێ و لەبەر ئەوەی خوێندنی پێ تەواو ناکرێ دەبێتە پێشمەرگەیەکی چالێنەر، ئەوسا باو بوو هەندێ لەوانەی کە ڕویان دەکردە شاخ، دەبوو تا ماوەیەکی باش بەرپرسی قوری هەڵگرتن و چای لێنان بن. هەندێکی دی لەوانە ئەگەر بەخت یاوەریان نەبووایە و لە کن ئاغایەک چەکیان بکردایەتە شان، پێشیان دەوترا (عەدەد مەسینە)، واتە سەرباری چێشت ئامادەکردن بۆ ئەو ئاغایە و پاسەوانیکردن، دەبوو مەسینە ئاوەکەشی بۆ ئامادەبکا. دێمەوە لای تاتەم و ئەو سیخوڕە تەمەڵەی بەعس، باوکم گوێی پێ نادا. دواتر دوو ئەمن، بانگ لە باوکم دەکەن و داوای لێ دەکەن، کە سەردانی مونزمەکەی خۆرماڵ بکا.

باوکم یەکسەر لە مەبەستیان تێدەگا، خوشکێکی بچوکمی بە ناوی تانیاوە لە باوەش دەبێ، بە ئەمنەکان دەڵێ:

بابچم ئەم منداڵە دابنێم و دوای پرسەکە بە چاوان دێمە خزمەتتان. ئەمنەکانیش، لەو سیخورە بەرێزتر، دەڵێن:

باشە ئوستاذ چاوەڕێتین. باوکم ناڕوا و تا ئەمڕۆش ئەو ئەمنانە بۆ سەردانی تاتەم داماون..

هەر ئەو ڕۆژە باوکم خۆی دەکات بە ماڵی پورە (نەسرەت)دا و جلی کوردی لەبەر دەکا و بە پێی لە خورماڵەوە خۆیی دەگەیێنێتە و هەڵەبجە و ماڵی پورم(سنوبەر).. ئێوارەی دوایی دەگاتە گوندی بەلەبزان..

هەفتەیەکە لە هەڵەبجەین و زۆر لە کاتەکەمان لە دەشت دەبەینە سەر. تاریک و لێڵ بوو، هەواڵێک هات، کە چەند مانگێ پێشتر ، ئەحمەد گریانە شەهید بووە و ماڵێ حەمە مراد، کەپرە دراوسێی ماڵی پورم، لە دەشتی حەمەوغان، بەرێوەن بۆ شۆشمێ بۆ ئەوەی بچن کورەکەیان لە شاخ بهێننەوە. هەواڵێک بوو، کە گوایە شەڕی جەلالی-مەلایی، لەگەڵ هەڵگیرساندنی شورشی نوێدا، تەقیوەتەوە.

هێندەی پێ نەچوو مەجید، خۆی ڕادەستی حکومەت کردەوە. هەرچەندە هوشیاریی سیاسیم هێندە نەبوو، بەڵام دوای سەردانی، پرسیاری ئەوەم لێکرد، کە بۆچی وازی هێنا، خۆ باوکم چەند رۆژێکە ئاڵای ڕزگاری هەژارانی بەرزکردوەتەوە؟

ئەویش وەک منی سادە، وەلامێکی ئاسانی دامەوە، پەلەمەکە هاکا ئەویش گەڕایەوە، باوکت ئەوەند بیرکاڵ نییە، خۆی بکات بە بەشێک لە سوتەمەنی شەرێک کە دەها گەنجی وەک من بدورێتەوە!

ئەو هەڵسەنگاندنەی کاک مەجیدی حەمە موراد، تەواو لە جێی خۆیدا بوو، باوکم دوای چەند مانگێک لە بەلەبزان و نەوسود، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کورد هێشتا لەو ئاستە هوشیارییە سیاسییەدا نییە، کە بتوانێ لولەی تفەنگەکانی، پێکەوە ئاراستەی داگیرکەران بکا. کورد پێویستی بە شوڕشی رۆشنبیرییە. تا ئەمڕۆش باوکم دەڵێ:

تا کورد شانازی بە چەک و سمێڵ و ورگەوە بکا، بە جامانەی گەورە خۆی بنوێنێ، سوێند بە تەڵاق بخوا، لە شەڕی بنەماڵە و عەشرەتەکان ڕزگاری نابێ، یەک ساتیش بستەخاکێکی کوردستانی بەدەستەوە بێ، پێش ئەوەی بەرگری لێ بکا، هەوڵ دەدا ملی براکەی بشکێنێ.

*............

---

ئەحمەد گریانە: پێشمەرگەیەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، لە پایزی ١٩٧٨ لە ناوچەی پەروینی و شۆشمێ(نزیک شارە دێی تەوێلە)، لەسەر سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان، لە شەڕیکی براکوژی بەدەستی قیادە موەقەتە شەهیدکرا. بروانە ئەزمون و یاد. پشکۆ نەجمەدین، بەشی یەکەم. ٢٠٠٨، کتابی ئەرزان. سوێد.

-٤-

## هەگبەی نووسەرێکی کۆساران

لە زاری بابم و دراوسێکان، بە تایبەتی مامە رەشید کە دواتر سەردانی ماڵی خوای لە وڵاتی عارەبانی کرد و دواتر نازناوی حاجی رەشیدی پێ بەخشرا، دەیانگۆ ئەو عەردانەی دۆڵی مامۆستایان نرخەکەیان مەترێکی بە پەنجا فلس بووە و ئەوسا خەڵک بە گرانی زانیوە.

تاتەم ، حەمە رەشید هەورامی، هەرچەندە خۆی بەردەوام بە رەشید هەورامی دەناساند، ئەویش، سەرەتای شەستەکان، وەک ئەفەندییەکانی دی، چوارسەد مەترێ زەوی بەر دەکەوێ. پێش ئەوی مەلاکەی بەرزان، دژی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ قاسم برنەو بکاتە شان و دنیا بئاڵۆسکێنێ، بابم دەست دەکات  بە خانوو دروستکردن، بەڵام تا دوای کودەتا شوومەکەی هەشتی شوبات ئەو خانووەی بۆ تەواو ناکرێ. چەند جاری سوپاش، کە لەو ناوە سەربازەگەیان هەبوو کەرەسەی بیناسازییەکە دەبن. ئاسەواری سەنگەر و سەربازگەکە تا ئەم دواییانەش مابوون، بگرە تا نەتوتایە پشت حامیەکەی سلێمانی کەم کەس دەیزانی گەرەکی مامۆستایان دەکەوێتە کوێندەرێ.

لەو دەمانەوە، لە ساڵی ١٩٦٣ وە تاکو پێش کۆچی دوایی باوکم  لە ٣١ی ئازاری ٢٠١٦ وە، ئەو ماڵەی

مامۆستایان، لانەی هەموومان بوو. بابم هەموو جارێ دەیوت، کە ریشەی ژیانت لە شوێنێ داکوتا، ئیدی پێت خۆش بێ یان نا، بەشێکی ژیانت بەو شوێنەوە گرێ دەدرێ. ئەوەش جۆرێکە لە ئەشق، بەشێکت لەو دەڤەرە جێ دەمێنێ کە یادەوەری تۆی تیایە. ڕێک وایە، من زۆر گەڕەکی شاری سلێمانی گەڕاوم، بەڵام هێندە ئەو گەرەکە گیانم بە شوێنی دییەوە گرێ نەدراوە.

وا لە پۆلی دووی سەرەتاییم و کێشەی گەورەم ماتماتیکە، کۆڵەوار و کڵۆڵ، کە پشکی ئەو وانەیە دەبێ، وا دەزانم گیانم دەکێشرێ. نیوەڕۆیەک، بە هۆی دەرنەچوونمەوە دڵشکاو بەرەو ماڵەوە لەگەڵ هاوپۆلێکم بەناوی بەکری عەرەبانچی، بەرەو ماڵ هەردووکمان ملمان ناوە، ئەویش دەرنەچووە و ترسی دایکی دایگرتووە. بۆ شانسی ئێمە، پێش ئەوەی بگەینە نزیک ماڵی خۆمان، تاتەم لە بەردەممان قیت دەبێتەوە، ها چۆنن سڵاو لە من و بەکر دەکا!

بەکر خۆی پێ ڕاناگیرێ و دەڵێ:
مامۆستا! ئاسۆ لە ماتماتیک دەرنەچووەو دووی وەرگرتووە.
تاتەم دەپرسێ، ئەی جەنابت؟
بەکر شەرم دایدەگرێ و دەڵی، بەقەدەر ئەو.
واز لە ژمارە و پێوان دەهێنم و دەچمەوە سەر باسی ئەوینی تاتەم بۆ سروشت. پێم چێترە نازناوی نووسەری کۆسارانی پێ بدرێ ، لێ، ئەو بەردەوام

باسی کۆساران و کانیاو تافەکانی هەورامان و کەنیلەی سیاچاوەکان لە سەر زاری نە دەچووەوە..

-٥-

**سرینەوە و تێکدان**

تاتەم بەشێکی زۆری تەمەنی بۆ برەودانی فەرهەنگ و زمانی کورد تەرخان دەکرد، سوودی لە کۆتاترین سات بۆ خوێندنەوە و نووسین وەردەگرت. بەشێکی گەورەی ئەرکی ژیان و پەروەردەی خستبووە سەر شانی دایەم. ڕەنگە ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی بووبێ بۆ تەواوبوونی لە تەمەنێکی کورتدا. لە هەمان کاتدا گۆڕانی بۆچوونی هەندێ لە براو خوشکەکانم و گوێ نەدان بە نرخی ئەو گەنجینە فەرهەنگییەی کە بابم لە دوی خۆی جێیهێشت. هەڵبەتە گۆڕانی کۆمەڵگە و باری ئابوریش هەژموونی خۆی تەواو دیتووە لەسەر بیرکردنەوەیان.

من دەزانم هەندێک، لە خۆشک و براکانم، وا بیر دەکەنەوە، ئەو هەموو قوربانییە لە پیناوی کێدا و ئەنجامگەلی چی بوو؟ بابم بۆ سەنگەری نەگۆڕی؟ چەندان خزممان هەیە، وەک جلکی وەرزەکان، بارەگای حزبەکان لە پێناوی سامان و پارەدا، بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێک هەستیان هەبێ دەگۆڕن. وەرزێک زەرد بەراست دەزانن، زۆر نابا سەوزیان باشە و دەمکیش دەبنە شوێنکەوتووی گردەکان، فرەتریش کە دڵیان گران دەبێ قاپێ خوایان پێ باشە، تەواو وەک زۆربەی کۆمەڵگەی باشوور.

تــاتەم بەردەوام دەیگــۆ: پێــوەری هوشــیاری گــرنگە بــۆ گەشەکردنی مرۆڤ، کە مرۆڤ زانیی مافەکانی کامەن ئیدی دەبێتە خاوەن سەرمایەیەکی فەرهەنگی گەورەی لە بــن نەهــاتوو. ئەو گەلەی پارێزگــاری ســەرمایەی فەرهەنگــی خــۆی نەکــا، مــانەوەی ئەســتەمە. ئەگەر وا نەبوایە ئەدی بۆ داگیرکەرانی زمان و فەرهەنگی گەلانـی ژێردەســتیان قەدەغەدەکــرد. بــۆیە ئەوە دەســەلاتی بنەماڵەیی کوردیی ناو نابوو جانەوەر. کۆمەڵێک مافیای جــانەوەر کە دەهــا گەرەکــی وەک ســابونەکاران و قەزازەکانی سلێمانی و هەولێرو شارەکانی کوردستان تێــک دەدەن. رێــک وەک تۆرانییەکــان کە بە بەنــداوی گەورەرە دیرۆکی کورد دەخەنە ژێر ئاوەوە.

تاتەم بەردەوام دەیگۆ:

جــانەوەر و جەواڵــدڕ. جــانەوەری تێکــدانی فەرهەنگــی کوردی و زەخمی پڕ کیم و خوێن و مۆرانەی خۆماڵی، نیشتیمانێک بە هەرزان هەڕاج دەکەن..

چـــاوەڕیی یەکســـانی و دادپەروەری لە دەســـەڵاتێک دەکەن، کە نیشتیمافرۆشـــە! ئەوە ئەوپەڕی ســـادەیی و گەمـژەییە. ئێوە بە خۆتـان نـازانن ئەرز و ئاسـمان و یەزدانەکەشـــتان فرۆشـــراوە وبـــووەتە کـــاڵایەک و قازانجکەی وەک بۆمب ماڵەکانتان کاول دەکات .

تەنهـا مەسـەلەی کـاتە و هیچـی دی. ئەوانە کۆمەڵێـک جانەوەر و مۆرانەی خۆیین و هیچی دی!

-٦-

## جرۆجانەوەری خۆماڵی

دەگەڕێمەوە کن هەگبەکەی باوکم، هەڵبەتە کۆڵی پارە و پوڵ نا، مەبەستم کۆڵی قاقەز و ماقەزەکانی، هەروەک پورێکم دەیدایە بەر تەشەر. تاتەم بەردەوام دەیگۆ:

پیسترین نەخۆشی تووشی گەلێک ببێ، جرۆ جانەوەر دەیهێنێ، جرۆ و جانەوەرێک کەوەک کولله بکەونە ئاوێزی نیشتیمانێک و تالانی بکەن.

پێکەوە لە سێبەر ناو باخێکی بیارە دانیشتوین و باسی گەنجیی خۆیم بۆ دەکا، کە چۆن چێژی لە دیمەنە جوانەکانی هەورامانی وەرگرتووە و ئەمرۆش ئەو ناوچەیە وەک کناچەیەکی بێنازە و پشتگۆ خراوە.

هاوینی ساڵی ٢٠٠٣ یە، ئێمە لە گەرەکێکی بیارەین، بە ناوی پەژۆ، پەژۆیەک کە پاشماوەی قەڵایەکی ئاشووری لە لاسەری تا ئەم دواییانەش جێمابوو. بابم پێشتر باسی کردبوو کە هەندێ دیواری شوراکەی تا ئەم دەمانەی دوایی مابوون، بەڵام جرۆ جانەوەری خۆماڵی ئەوانیشیان لە باتی نۆژەنکردنەوە، تەفروتونا کرد.

ئەو رۆژە بابم چاوی زۆر دەکزایەوە، دەیوت خەتای ئەمریکا و جانەوەرەکانییەتی، لەماڵی ئەو پورەم(عزرا) بەردەوام ئەوەی دەوتەوە، ئەها دیارە ئەمریکا دیسان

بـۆمبی تـایبەتی تەقانـدەوە، نـاهەقیش نەبـوو، دوکەڵێـک چەم و دۆڵەکـــانی نەک تەنهـــا لە هەورامـــان، زۆربەی ناوچەکانی دی گرتبووەوە. ئیوارە، سەیر تەلەفیزیۆنمـان دەکرد، هەواڵێک بڵاوبووەوە کە کـارگەی دروسـتکردنی شـقارتە لە نـاوچەی شـەرقاتی موسـڵ تەقێنـراوەتەوە. ئەوە بەشـی ئەوە کـرد کە بۆچـونەکەی بـابم راسـتیەک بگـــرێتە خـــۆی، کە جانەوەرەکـــانی خۆمـــاڵی ســـەر بە ئەمریکـــا ئەو کارگەیەیـــان تەقانـــدوەتەوە و دۆکەڵەکە لەوێندەرێوە بڵاو دەبێتەوە.

نـازانم چـی بـوو، پـورە عـزرام پرسـیی، ئەرێ مامۆسـا ڕەشـیدا دیـارە وەک کتێبـی جوولەکەکـان هەمـوو ئەم هەواڵانەی تـــۆ باســـیان دەکەیـــت نووســـراون! ئـــای نەخوێندەواری و پیری؟

-٧-

## بۆ نیشتیمان دەگری

تــــاتەم، تەنـــێ ئەگـــریچە و خــــاڵیبۆن مێخەکـــاوی سـیاچاوەکانی هەورامـان ئەندیشـەکانی پـڕ داهێنـان و جــوانی نەکردبــوو. بەهــاری ١٩٩١یەو پێشــمەرگە لە کەرکوک دەشکێ و دەسـەڵاتی کـورد جـاڕی کشـانەوە دەدا، ناچار لە گەڵ دایە و خوشک وبراکانم بەپێ بەرەو شاری هەڵەبجە و خۆرماڵ دەکەوێتە ڕێ، ڕێگەیەک کە حەشـامەتێ خەڵک سـەرێکی لە سلێمانی دەبێ و ئەوی دی لە هەورامــان، بەرەو ســنووری ڕۆژهەڵات ملـــی ناوە. وەک خۆی نووسیبووی:

ئیدی دوای شارۆچکەی عەربەت، ئاواییم نەدی، کەلاوە و چـــۆڵەوانی. خەڵکانێـــک بـــۆ ســـامان و پـــارە خەرجنەکراوەکانیـان دەگریـان و منـیش گـریەی ئەوەم دەکـرد کە چـۆن پەلوپـۆی خاکیـان شـکاندوە و خـوێن دەبارێ. من دەگریم و کەسانێک هەبوون پێیان وابوو لە برسـا یـان لە ترسـا دەگـریم. دوای ڕۆیشـتنێکی زۆر، دەمەو ئێوارە دەگەینە نزیک شارۆچکە خۆرماڵ و ئیدی بەیەکجـاری دڵـم لە تـاو وێرانـی نیشـتیمانەکەم هێنـدەی دی دەم تاسـێنێ، تاسـانێک تـا دەگەمە شـارەدێی بیـارە، ئیـدی وەک چەمەکەی ئـاوایی چەمـانم هـاژەی فرمێسـک بەردەدەنەوە. بیـــارە وێرانەیەکـــی تەواوە و یادگـــاری منداڵیم لانەیەکی سووتاوە، دەمارەکانی دڵم پسـاون. مـن دەگـریم بـۆ هەمـوو شـتێ، بـۆ کەمەر سـەلارە، بـۆ کـانی

ژنان، بۆ گەرەکی کاوات و پەژۆ، هارگێلان، پشت جۆگە بۆ کەل و خانەقا و باخە بێ نازەکان و سەدان جێ ماچی پڕسکاو و سووتاو..

لێم پرسی گریانەکەت چۆن بوو؟

وتی: لەو گریانەی هێمن موکریانی دەچوو کە بۆ شاری مەهاباد دەگریا..

ئەو هێمن موکریانیە جارێکی دیش باوکمی گریاندوە، لە بیری ناکەم، ساڵی ١٩٨٣ یەو باوکم دیوانی ناڵەی جودایی دەخوێنیتەوە بۆمان، دەگاتە سەر ئەو دێڕەی،

کوردەواری ئەوی وڵاتە جوانەکەم
ڕۆڵەکەم، خێزانەکەم، باوانەکەم!
تاتەم گریانێک گریا، چون ئاشقێکی سیاچاوی چاو پیاڵەیی هەورامانی لە دەست دابێ!

دواجار کە لەگەڵ تاتەم سەردانی هەورامانمان دەکرد ساڵی ٢٠١٥ بوو، وەک پێشو سەردانی حەجەکەی(کەمەر سەلارە)ی ئاشقانمان کرد و وتی: چەند بەختەوەرم کە هەورامانەکم سەوز بووەتەوە، هیوادارم جرۆجانەوەری خۆماڵی وێرانی نەکەوە!

-٨-

## کەمەر سەلارە کوێیە؟ *

من و تاتەم لە سەر بەردەکە دانیشتوین و لە دیمەنی جوانی باخەکان و هەوا سازگارەکەی، گیان و ئەندیشەمان پڕ لە تابلۆی ڕەنگاو دەکەین. تاتەم لەبەر خۆیەوە دەکەوێتە گورانیوتن و هۆنینەوەی هۆنراوە میللیەکانی هۆرامان:

دەی دەی باڵا بەرز کەی مەی وەڕێوە
چون وەروی کویسان زەردی وەر پێوە
دەرەو بیاریۍ نیشتەن هەراڵە
باگێلۆش پۆنە ئا چمە پیاڵە

ئێواریەکی هێمنە، هێمن هێندەی ئەو چەند تاڵە زیوینیەی خۆر کە لووتەکی کۆسارانی بەفری میری کردەوتە کراسێکی پرتەقاڵی و داویەتە بەر کزەی شنەکەی. چەپکێ پرشنگی بەجێماوەو دەیەوێ میوانی شەو بێ. مەنگ وەک گۆناهەناریيەکی ناسک و شەرمنی ئێوارانی ئاوایی، کە دەمێک نییە پەیی بە گەمەی ئەشق بردووە و لە نازی ماچێ وا سوور هەڵگەڕاوە..

پێم وایە هەر ئەو هاوێنە بوو، یان دوو هاوین پێشتر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا سەردانی( بیارە)مان کرد و شەو لە باخەکەی پورم، خواجای، ڕۆژمان کردەوە. باخێک پڕ لە ئاواتی ئەوانەی جیهادی بۆ دەکەن،

کانییەکی سارد و سێبەری دار تۆوێکی باڵا هەڵکشاو، ئیدی چیمان گەرەکە. ئەو برادەرانە وتیان:
ئێستە تێگەیشتین بۆ هەورامییەکان سروشتیان خۆش دەوێ و زیرەکن!
من و بابم، وەک ئەوەی بووبین بە بەشێکی سەکۆی گابەردەکە، کەمەر سەلارە، تەواو تێکەڵی دنیای سۆفیگەریی ئەوینی هەورامانەکەمان بوین و بە کاوەخۆ سەرنجی نهێنیەکانی ئەو سروشتە دڵبەرە دەدەین، تەنێ دڵمان نەبراوە، جەستەشمان پێوەی چەسپاوە..
لە پڕ زەنگۆڵەی ملی بەرخێک دەمانخاتەوە دنیای راستەقینە، کناچەیەکی چکۆلە دەڵێ:
بێ قەزا بیدی*! ماندو نەون!
پێکەوە سوپاسی دەکەین!
تاتەم ئاهێک هەڵدەکێشی: ئای دنیای سادە چەن بەختەوەری!
دەزانی کوڕم، چەند کاتی خۆشم لەم باخانە بەسەر دەبردوە!
ئەو قسان دەکا و منیش گوێیەکانم کردوە بە هەزار:
ئا ئەو چەمە ناوی دەرقووڵە، ئەوەش باوان دەرەیە، ، خەزوورم ئەو باخەی داناوە، ئێستە بێ نازە، ئەها خواجای چۆن سەوز دەنوێنێ، ئەدی سەیری گەڕەکی کاوات بکە چەند جوان پاڵی داوەتەوە! ئەوە باخی ماڵی پور (حومەیەرا)تە. دەزانی ئەو پورەت زۆر دەنگی خۆش بوو.

سـیمای ئەو پـورەم بە ئاسـتەم دێـتەوە یـاد، هێنـدەم لەبیرە، هاوینێک لە سالانی حەفتا لەوێ بووین و من نەم دەوێـرا لە (دەرەکە) لە چەمەکەوە بـکەمە ئەوبەر، ئەو باوەشـی پێمدا کـرد و پەڕانمییەوە، بەردەکـان زۆر خلیسک بوون.

ئـێمەی زارۆک، کە هاوینـان سـەردانی (بیارە)مـان دەکردەوە، خۆشترین شت بەلای ئێمەی منداڵەوە ئەوە بـوو، کە بەرەو باخەکـان شـۆڕبینەوە و گۆماوێـک بگرینەوە بە کچ و کوڕەوە خۆمان تێ فڕێدەین. زۆرجار سـەرکەوتوو دەبـووین و هەنـدێ جـاریش، بـاپیرەم (خەزوری باوکم) یـان هەنـدێ خـزم دیـانبینین و جنێو بارانیان دەکردین.
پـایزە و کـاتی گـوێز کۆکردنەوەیە، چەنـد شـەنیەرێک* دارێکی درێژیان بەدەستەوەیە و وەک مەیمون، بە لقی دارگـوێزانەوە هـەڵزنیـون. باپیریشـم لە خـوارەوە پەیتـا پەیتا بە قوربانی بازویان دەبێ، بە ئێمەش دەڵێ :
دەی گـوێزان کـۆبکەنەوە، بـا ئـاو نەیانبـات. خـۆش و ناخۆشـیش بـوو. چێـژەکەی لەوەدابـووکە ژینگەیەکـی کـۆمەڵایەتی سـادە، هەمووـمـانی نـوقمی گـاڵتە و گـپ کردبـوو. بـۆ ئـێمەی شلەشـاری، کەوا ناسـرابووین، زۆرجـار فریـای هەنـدێ گـوێزی نـاو (دەرەکە)*چەمەکە نەدەکەوتـین و ئیـدی خێسـەیەکمان دەخـوارد. تـا ڕادەیەکـی هەناسـەیەکی ئـازادیش بـوو، ئەوەی لەوێ

دەمانتوانی بیکەین، لە شار نەدەکرا. ئەو ڕۆژە ویستم خۆم شیرین بکەم و ڕوم کردە باپیرە.

باپیرە !

دەزانی ئێمە هەموو لە سەرەتاوە لە مەیموونەوە هاتوین. پێی سەیر بوو کەوام وت، چونکە بۆ وی هەموو نەوەی ئادەمیزاد بووین . وتی :

چەنە مەدە! دیارە هەر لە ئێستەوە کۆپی باوکتی و ڕو لە قاپی خوا ناکەی، خێراکە گوێز کۆبکەوە تاکو ئەو درۆ گەورەیە نەکەوتووەتە دەم شەنیەرەکان!

بۆ دڵدانەوەم کەمێکی دی، وتی:

خۆ ڕەنگە ڕێی تێبچێ ئەوانەی وەک ئەنگۆ هەمووی لەسەرەتاوە مەیمون بووبن، بەڵام ئیوە مەیمونێکی ساختەن، ئەی ئەوە نیە ناتوان گوێزەکان بگرنەوە و بڕستتان نییە بەسەر دوو پلیکانەدا سەرکەون.

جیهانێکی بێ تاوان بوو، ئێوارانیش، بەرەو ئاوایی، ملی ڕێمان دەگرتەوە..

ئای چەند خوزیا دەکەم ناوی چی تەوەن* و دارە لەوێ هەیە تۆمار بکەم! کەوەری ڕێ دەکەین و دەمانەوێ بەو کەمەرەدا بەرەو ئاوایی بگەڕێینەوە، تاتەم:

دەزانی کوڕم، وا گیانم بەم خاکەوە گرێدراوە کە نازانم باسی کام بەشی ئەم دەڤەرەت بۆ بکەم!

- ئای لێرەدا چەند چاو پیاڵەی ئەگریچە خاوم دیتوە، وەی لەو قریوانەی لە گوێیەکانمدا

تۆمـــارن و هەڵای* زرنگەیـــان دێ، ئـــای لە کرمان و نازەکەیان!

- ئەهـا گـوێ لە ئـاوازی هـاژەی ئەو تـافە بگـرە، بـزانە چـۆن بە نـازەوە چـرێنە سـپیەکانی لە بەردەکان دێنە خوارێ و دەبنەوە بە فرمێسکی کچۆڵەیەکی دڵشکاو و ملی جۆگەکان دەگرن، ئەدی سـێبەری ئەو دار گـوێزانە، دڵـی ئاشـقان چـۆن مەسـت دەکەن! ئەهـا ئێسـتەش قەتـارەی گـــوڵزاری کناچـــانی بێـــری ئەم رێـــیەم لـــێ بەرنادەن!

تـاتەم کەوتە باسـی ئیرۆتیـک لە گـۆرانی هەورامیـدا و هەژمـوونی ژیـنگەی هۆرامـان لەسـەر تاکەکـان، وەک خۆی دەیوت:

پێم سەیرە وشـەی هەورامـان جێگەی نـاوی هۆرامـانی لەقکردوە.

- دەزانـی ژیـنگەی کـۆمەڵایەتی و سروشـت فـرە جار پێکەوە کەسێتیی مرۆکان دروست دەکا و ئیـدی بیرکـردنەوە و کرداریـان ڕەنگـی وان پەخشان دەکا.

بە دەو رێی توناو تون و چڕەسێبەری بن دارەکـان، گەیشتوینەتە باخێک، هی فەتاح بەگی نـاوە، ئەزیـش گوێ دەگرم. وەک یـادەوەرییەکی سـەردەمی شـاخ، کە هەندێ جار بە هاوڕێ باوکم، بانگم دەکرد، وتـم: هاوڕی تاتە!

- با کەمێک نزیک ئەم تافەیە پشووێک بدەین!
- زۆری پێخۆش بوو، کەوتە باسی ئیرۆتیک لە گـۆرانی هۆرامیـدا و چڕینـی ئەم دوو بەیـتەی خوارەوە:

{ئارۆڕامکەوتەکۆنەهەوارا
دماوبالاکەیت وەشیم نەویارا
ئێشەوئامانێ تەوافوخالێیت
لامدا لیفەکەت کێشاینێ پالْت}*

تـۆ وردبەوە، ئـێ ئیرۆتیکـی ئیـرۆی یۆنـان لە کـوێ و هۆرامـان لە کـوێ، بەڵام چـوون یۆنانییەکـانیش خـاوەن ژینگەیەکی زێبان، وەک هۆرامانی ئێمە، ئەوانیش ئەڤین و جوانی سروشتیان زۆر لا پیرۆزە و شەرخواز نین!
گـۆرانی هـۆرامی بەگشـتی چـۆن باسـی گوڵەچنـوور و بەڕەزای تاقان و گوڵەبەرزەڵنگ دەکا، ئاواش ئەگریچەی شـــەویی و کــوڵمی کەنیەلەکــان دەپەرســتێ و کەمەری ژنـان و بنـارە نازدارەکـان وێنـای یەکدی دەکـا. ئـاونگی تاڤگەکــان دەکــاتە بــۆی نێــوان مەمکــی کیژێکــی چــاو خوماری بەجێماوی ژوان..

ئۆی دیسان تیلەی کچێکی دی ناو کێڵێ* دەبینم، لە نێو گەلای تەیمــانێکەوە، ســەرنجی ڕێــگە دەدا، تــابلۆیەکی ئەفســانوییە و لە ناخمــدا هەڵکــوڵراوە. نزیکــی باخێــک دەبینەوە نـاوی (زینێ گەورەیە)، تـاتەم لە هەمـوو شـتێ ورد دەبێـــتەوە، هەروەک بە گەنجـــی ئەو بـــنەوان و

تاشـانە* بەسـەربکاتەوە، کە گەمەی تیـا کـردوە، دەنگـی ژنێکی خزمان بە ناوی سەلێ:
ئانە مامۆ ڕەشـەن، فەرمـاودێ، دۆی هەسـم تـازە ژەنـان و یاپراخیم کەردێنێ( ئەوە مامە ڕەشیدە، فەرمون دۆی خەسـتم هەرئیسـتە چـاکردوە و یاپراخیشـم لێنـاوە). هەرچەنـد درەنـگە، یەک و دوی لێنـاکەین و دەبینـە مێـوانێکی ناوەخـت، بەڵام شـیرن، وەک هەنـارەی باخەکانیـان، ئەو دایکە سـەلەیە وای پێ گـوتین. هەمـوو جـارێ کە سـەردانی بیـارەم دەکـرد، ئەوم بەسـەر دەکردەوە..

- هۆنراوەیەکی میللی هۆرامییە

-٩-

## قیبلەی ئاشقانی ئاوایی

ئەو ژنە ناوی سەلما* بوو، ڕوخۆش و دەم بەخەندە، چون گوڵزارێکی دوای نەرمە بارانی بەهاران فرەجار دەگەشایەوە. ئەو دایە سەلمایە، وەک تاتەم، ڕیشەی دڵی بە قوڵایی خاکەوە شۆڕبوو بووە ، هەناسەی پێچابوو لە بەرد و شنەی کۆساران و کە چاوت پێی دەکەوت چۆڕاوی گوڵاوی دەپڕژان. ماڵەکەیان زۆر جار بۆخۆی بنکەیەکی پێشمەرگە بوو. کورە گەورەکەشی پێشمەرگە بوو.
جارێکیان ئەو دایە سەلمایە،

لە سەردەمی ناپاکان لە ڕێزی نەوت وەرگرتن لە خۆرماڵ دەوەستێ، ناپاکێکی خۆماڵی پێی دەڵێ:بڕۆ لای پێشمەرگە با ئەوان هاوکاریت بکەن!ئەویش دەڵی :

دەتبینمەوە وەک جرج, بۆ ژیان خولەی ناو گەڕاویمالان دەگەوزێی.

من و تاتەم دوای نان خواردن، دووبار بەرەو ئاوایی جمەدەکەینەوە، بڕیار دەدەین کە بەرەو گەڕەکی (پەژۆ) بۆ ماڵی پورە (عزرا) بە پشتی بەرزاییدا هەڵزنین. بەرزاییەک کە بریتیە لەکۆمەڵێک پلیکانەی بەردی تەختەپان و دەتباتە کانی ژنان، کۆمەڵێ بەردی گەورە کە مرۆڤ سەرسام دەکەن لە دانان و ڕێکخستنیان. جاران منداڵ بووم وام بیر دەکردەوە کە ڕەنگە مرۆڤەکان دەهێندەی ئێمە شان و باڵا بەرزبووبن. یان

ئەمە پاشماوەی قەڵایەکەی گەورەی مێژووە. ئەو جێی ژوانەم لە بیر ناچێ، مەبەستم کانی ژنانە وەک گۆرانی شاعیر دەڵێ:

قیبلەی ئاشقانی ئاوایی بوو، ئەو مەتییەی* تاتەم قسەیەکی هەبوو کە کەسێکی نزیکی خۆی دەدی،دەیگۆ: ئینشەڵا ئەو تەمەنەی من ماومەوە دەچێتە سەر تەمەنی تۆ. ئەوەی دەگوت هەرچەندە بەساڵاش چووبوو. بە داخەوە لە دوایی تەمەنیدا چاوی لە دەستدا و ئاسان نەبوو ئازیزانی ببینێ..

گەڕەکی پەژۆ، جاران کۆمەڵێ خزمی نزیکی خۆمانی تیابوو ، ئێستە دەیبینی وا بەردی ماڵەکانی بەسەریەکدا تێکەڵبوون. ئەوەیان ماڵی عەلی عەودڵا بەگە، لە بیرت دێ کە بارمان کرد بۆ بەغدا ساڵی ١٩٧٢ لە دەرکیمان دا و خەوتبوون و گوێیان لی نەبوو، دەتوت باوکم ئەلبومی وێنە هەڵدەداتەوە، وای ناوی ماڵەکانی دەهاتەوە بیر.

.ئاسۆی کوڕم !

گەنج بووم، لەم پەژۆەیە، بەیانییەکی بەهار، کەنیلەیەکی قژکاڵم بینی، نازانم، پرچی ئەوبوو گزنگی خۆری زێرین دەکرد، یان تاڵەکانی هەردووکیان بوون ئاوێتە یەکتر بووبوون و نەخشێکی ئاڵتونیان دەنەخشان. دووری مەزانە پێکەوە بەستراو بوون. ئەو رۆژەم باش لە بیرە، چاوشەوێێک تیلەچاوێکی تیژی تێتەقاندم. ئەو کناچەیە تا ئەمڕۆش گوڵێکی گەشاوەی تەلانێکی* ژیانمە،

ئێمە لە سەر سەکۆکەی ماڵێ پورە(عزرا) دانیشتوین و بیارە، لە جاران ڕازاوەترە و وێنای چەند ئەستێرەیەک لە شەوی باخان دەنەخیشێنێ، کۆمەڵێ هەسارەی دەم بەیانی، خوازیارن ئاوایی بکەنە هەواری خۆیان، وێنەیەکی واسە کە ئاسمان لە سەر زەوی لەنگەری گرتبێ.

لە بیرمە بەدەو ڕێوە لێم پرسی چۆن دڵت جێگەی هەردک، ئەوینی نیشتیمان و جوانی ئافرەت دەگرێ؟ وتی:

ئەو دوو ئەڤینە، وزەی لەشن، یەکێکیان بی ئەوی دییان هیچ نابەخشێ، مەگەر تۆ هێشتا نازانی، ئافرەت نیشتیمانێکە بۆ خۆی، یەکەم ئۆجاخی ژیان ئەو پێی کردوە، لەو شوێنەی ئێمە ناومان ناوە نیشتیمان!

---

*تەلان: شێوە نێردوانییەکە لە کەمەری شاخەکان هەورامییەکان جاران بۆ باخانان درستویان کردوە.

-١٠-

## ئا پیایە مشناسی؟

شارۆچکەی خۆرماڵ

پـایزێکی بە جێمـاوە، دەمێکـی کورتە،بـۆ پشـودان لە شـارۆچکەی خۆرمـاڵ لامانـداوە. لە شـوێنێکن لـوتکەی داڵانـی و ڕەنگین دیـدەمان بـۆ خۆیـان رادەکێشـن. دوو هەواری پڕ (کەمـا و لـۆ و بەرەزا و بەرزەڵنـگ*) دەهـا گیای وەشبۆن، کە بەهـاران ئاشـقان دەیکەنە دیـاری بـۆ یەکدی.

بەهـاری ١٩٨٤ بـوو بـاوکم هانـای هێنـابووە وێنـدەرێ، بەهارێک کە شارەکانی هەولێر و سلێمانی دژی کوڕانی عـوجە، وەک هەمـوو جـارێ وی دیگـۆ خرۆشـابوون، هاوڕیی برام و سەدان خوێندکار گیرابوون. تاتەم چەند مانگێک لەو کەرەجاڵە مـایەوە، لەوێداوتارێکی بە نـاوی (کەڕەچـاڵ ئەی دەسـتگێرانەکەم!) نوسـیبوو، هەنـدێک دەیانووت:

نهێنی ئەم شوێنە وشک و ڕەقە چییە بابت باسی دەکا؟

نا خوازم ئەو پێرەمێردەم بیر بچیتەوە کە باوکمی بینی و کەوتە دەنگ: **ئا پیایە مشناسی؟**

**بەدەم کۆکەیەکی بەرزەوە بە هاوتەمەنێکی** خۆی دەگۆ: ***ئانە مامۆسا کافرەکەن کە هەڵای پا پیریە مەگێڵوە پەی یانەو خوای***( ئەوە دەناسی؟ ئەوە مامۆستا کـافرەکەیە کە بەو پیریەش ڕو لە قاپی خوا ناکاتەوە!)

ئەوە قسەی پیاوێکی پیربوو، تەنها دوو دانی ڕەشی لە دەما مابوون، شەروالێکی دڕاو و ریشێکی ژەنگاوی، ڕێک دەتوت ئەسحابەیەکی ئەبا عوبەیدەی جەراحە و بۆسەی بۆ کافرێکی یاخی بووی زەردەشتی ناوەتەوە و خۆی بۆ فتوحاتێکی نوێ متکردوە.
کوڕێکی گەنج لەولاوە قسەکەی پێ دەبڕێ:
کەس ناچێتە ناو قەبری کەس، خاڵە تۆ هەقت چییە بە سەر ئەو عالەمەوە! م ڕەشید هەورامی دەها کەسی لەم دەڤەرە چاوڕۆشەن کردگە، تۆ چیت هەس؟
ئەو کابرا پیرە، پتر دەنگی بەرز دەکاتەوە و دەکەوێتە ئیستەغفیرەڵا و وا ئاوات بەو ڕۆژانە دەخوازێ، کە عەبدولوەهاب ئەتروشی* بمایە، دووبارە بابمی شار بەدەر دەکردوە..
تاتەم سەیرێکی دەکا و لێی ڕادەمێنێ، دەڵێ:
ئای ئیسلام چۆن بویتە قەشمەری کەسانێک کە ئایەتێکیان پێ لەبەر ناکرێ! مەگەر تۆ بابی ئەو کوڕە نیت کە لە وانەی ئایندا زۆر تەمەڵ بوو، ئەو ساڵەش لە خوێندن کورتی هێنا!
دەبێتە پێکەنین و کەسێکی دی لە ناو دانیشتوەکان، کە دیاربوو باوکمیباش دەناسی، وتی:
بەڕاستی وابوو، کوڕی ئەم کابرایە، لەوانەی ئایندا زۆر تەمەڵ بوو. چەند جارێکیشیان لەسەر قۆپییەکردن تێکەوت، برۆ مامە سەربردەی کۆن شەن مەکەرەوە! دنیا گۆڕاوە..

بە یــادی جــارانەوە، ســواری جێبێکــی کــۆن دەبــین و گـۆرانی (کنـا لەیـل)* بە دەنگـی ئۆسـمان کێمەنەیـی، تـا دەگاتە دەو بەهەشتی بیارە، تەواو نـابێ. تاتەشـم دەبێتە بەشێک لە وشەکانی..

---

عەبـدوالوەهاب ئەتروشــی: ئـامر هێزێکـی پـارتی بـوو لە نـاوچەی هەورامان سالی ١٩٧٣ زۆر ئازاری خەڵکی ناوچەکەی دەدا.

## -١١-
## منداڵان
## زەنگی شەڕی خوێناوی لێدەدەن

ساڵی ١٩٨٣ هێشتا تەمەنی یەک مانگە، گەرمەی شەڕی ئێران-عێراقە. دوای دەمژمێری یەکی پاشنیوەڕۆیان، زۆربەی گەڕەکە دوورەکانی شار دەبنە لانەی پێشمەرگە .

کۆمەڵێک قواتخاسە فێربوون لە سەروپێخانەیەکی نزیک دەروازەی مزگەوتی گەورە، بەڕوی شەقامی کانیسکاندا، بەیانیان زوو دوایی کەمینی شەویان، بۆ وەرگ پڕکردن دەچێنێ وێندەرێ. لە سەر سەکۆی شەربەتخانەیەک، کە بەردەوام گۆرانی کوردی لێدەدا، بۆ نەوس دادەمەزرێن.

بەیانییەک چەند پێشمەریەک بۆیان دادەنیشن و زاد و خۆێنیان لێدەکەن بەیەک. ئەو ڕۆژە ئیدی شار تەواو داگیر دەکرێ، زۆربەی ئەوانەی لەبەردەم مزگەوتی گەورە، کاسپکار، خوێندکارو ڕێبوار.، لەلایەن کوڕە هارەکانی عۆجەوە دەدرێنە بەر شەق. ئەوە شانۆیەکی دەبارەبوو، ئێمەی گەنج ڕۆژانە دەمانبینی..

ئەو بەیانییە، خێرا ئەو هەواڵە بە باوکم دەگەێنم کە دەبێ شوێنی خۆی بگۆڕێ و هاوڕێیانی دیش ئاگادار بکا. نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بابم بریارد دەدا بەرەو ماڵی هاوڕێیەکی دی، نزیک زانکۆی سلێمانی، ماڵی خۆمان بەجێبهێڵێ .

من پێش وی، چەند مەترێ دەکەومە ڕێ. نزیک ماڵی (عەتارڕەش) کە بە عەتای باجی بەدیع ناسراوبوو، چەند پێگابێک قوات خاسە، سەر ڕێگەکەیان تەواو گرتووە، لەو کۆڵانەی دەچێتەوە سەر شیوەکەی نێوان مامۆستایان و گەڕەکی مەجید بەگ، متیان کردوە. ئەو شیوە سنووری تەواو دوو گەڕەک بوو، یان دوو دورگەی یەک نیشتمانی دابەشکراو، مامۆستایان و مەجید بەگ، کە زۆر جار وێندەرێ دەبووە دوا سەنگەری شەڕە بەردی منداڵانی هەردوو گەڕەک، لەبەر ئەوەی پردی لەسەر نەبوو، پەڕینەوەی ئاسان نەبوو، ئیدی چی جمێنی ناشیرن بوو، لە گەڵ هاویشتنی هەر بەردەێ، دەمان هاویشت، ها ئەو بەردە خرە بە هینی دایکت، بۆ سەرەکەچەڵەکەی باوکت!

گرنگ ئەوەبوو بەرەی نەیار سووک بکرێ، مەجیدبەگییەکان لەبەر ئەوەی زۆربەیان خەڵکی دەرەوە بوون، لە ئێمە باشتر دەیانتوانی بەردەقانی بەکاربهێنن. کابرایەکی پاقلە فرۆش هەبوو، ناوی مام حەسەن بوو، دەیوت:

ئەم شەڕەبەردەی ئێوە شەڕی گەورەی بەدەمەوەیە، ئەرێ تازە ئاشبەتاڵ بووە، بۆ لێناگەڕێن و پێکبێن!

لەو گەڕەکەی مامۆستایانی سلێمانی، ماڵە گوندییەکی دراوسێمان هەبوو، بە خاوخوخێزانەوە بەهێزبوون، ماڵی دییش هی ئەو ئاقارەی لێ بوو، هەموویشیان خوێشی یەکدی بوون. لە بیرم بێ، ژنەکانیان باجی

مەلە، قومە و سەبری، ئامین و هی لەو جۆرە، ناویان بوو. لەم لاشمانەوە، سنووری ماڵە ئەفەندییەکان بوو، ماڵەکانی ئەوان، زۆربەی دوو هۆدە و هەیوان، تەواو وەک ئەوانەی لادێ، بەڵام بە چیمەنتۆ کرابوون، ئەوانە ئێمەش لە سەر سیمای خۆرئاوا دروست کرابوون. بابم یەکێ لەو ئەفەندییانە بوو، هەرچەند ئەویش گوندی بوو، بەڵام تۆزی شارەستانی و خوێندن، ڕوخساری وەک ئەفەندییەک لێ کردبوو . ئای کە ئاشقی چاکەت و پانتۆڵ بوو، تا ئەمڕۆش هەر ئەفندیانە جل دەپۆشێ. هەندێ جار ئەگەر داربڕینێ یا کارێکی جەستەیی هەبایە، ئەفندی و ژنەکانیان پەنایان بۆ ئەوان دەبرد .

ڕون دێتەوە یادم، دراوسێیەکی ئەفەندیمان، ڕۆژێکیان خۆی و خانمەکەی، گیریان خواردبوو، بە هەردوکیانەوە، فەردەیەکی ئاردیان بۆ نە دەبرایە ژوورێ، تومەس باجی مەلەی گوندیی دەینابینێ، من هێندەم گوێ لێ بوو، کە گوتی: دەترسم دڵت خۆشبێ کە مێردت هەیە، چا خۆ هێندەی کەنیشکێکی گوندی قزلەر، کە هەنووز گارە گاری لۆ شو نەکردییە، هێزی تیا نیە! بوو بە پێکەنین. باجی مەلە پڕی کرد بە فەردە ئاردا و وەک بەڕۆیەکی سوک کردی بەو دیوی دەرگادا .

ئەو کۆمەڵگەیەی مە، زۆر سەیرە، بەو باجی مەلیحەیان دەگۆ، باجی مەلە، هەرچەندە گەنجیش بوو، تا تەمەنم کەمێ گەورە نەبوو وام دەزانی نازناوی مەلەکردنی هەیە و لە مەلەکردندا زیرەکە، نەک مەلیح ناوە، بەڵام

دراوسێیەکی ئەفەندیشمان هەبوو ژنەکەی هەمان ناوی هەبوو، خانمێکیان لکاندبوون بە ناوەکەیەوە، هەر چەندە لەڕو لاواز بوو، یەک پیتیان نە قرتاندبوو. هەڤاڵیکی پارتی لەو بارەوە دەیگۆ:
کوردێک چەند دەنگی خۆشبێ، پێی دەوترێ لۆتی، بەڵام فەرید ئەترش زمانیشی فس بوو، بە هونەرمەند ناوی دەرکردبوو..

هەندێ لە کەسی یادەوەری ئەو شەڕەبەردانە، لە پێشمەرگایەتی دیتەوە، لەوانە هیوای شەفیق، سدیق ناوێ، بورهانی عومەرە سوور و ئازاد..هتد. ئەو حەسەنە پاقلافرۆشە ڕاستی گوت:
منداڵان زەنگی شەڕی خوێناوی دەقرێنن، ئێمە ئەوەمان کرد و زۆربەمان بوینە کوڕی شاخ، لەباتی قۆچەقانی چەکمان کردە شان و دژی خۆشمان و بەعس بەردەوامیمان بەو جەنگە دا.

-١٢-

## ژنانی زاربەجمێن
## ئەو شەڕەیان گەرمتر دەکرد..

هەندێ جاریش دەبووە شەڕەژن، ئای کە تاممان لە جنێوەکان دەچەشت، بڕۆ هەی سمت ئیسفەنج، ڕەقەڵەژن، مێردەکەت دڵی خۆشە، کابانویەکی نەرم و شلی هەیە، نازانێ شەوانە باوەش بە دۆشەکی ئیسفەنجدا دەکا! دەڵێی مارمێلەکەی گەوڕەکانی گوندی قزلەری*.

چەند ژنێکی دژمانزان*(جنێوزان) هەبوون، کە جەنێویکی مزری لەو جۆرە لە زاریان دەپژا، ئیدی دەبووە لەکەناوی ئەو کەسە، بۆ نموونە، عەزە سەرتاس. ئەو جنێوەی لەو شەڕەژنانە پێێ بەخشرابوو و تەواو تورەی دەکرد. بە ئێمەی نەوەی مامۆستاییان دەگوت:

بڕۆن ناوەکەتان بە خۆتانەوەیە دۆڵی مامۆستایان پڕ بەپێستانە، من تەواو نەمدەزانی مەبەستیان چییە، هەر کە گوێم لەوە دەبوو، ئیدی چۆن لە شاخدا بەردەوام هەرزان دەمرووانییە گیانم، لەوێش، لەو دەو شیوەی نێوان گەڕەکی مامۆستایان و مەجید بەگ، سەنگەرم بۆ ئیزرائیلیش چۆڵ نەدەکرد. پتر بەوەش تۆڕەمیان دەکرد، کە ، جمێنیان بە هەورامیەکان دەدا، هۆ هۆ تاتۆیی، بڵند دەیان چڕی، جارێکیان تا ئەوبەری گەڕەک کەوتمە

دوای یەکێکیان و لە تۆڵە وی، بەردم گرتە قەلەکانی بەر ماڵیان. جارێکیان گوێم لێبوو ژنێک دەیوت:

ئەو بەچکە هەورامیە چەند جیرە، ئەو قژلولە گەورەبێ دنیا دەخوا! وا گەورەش بووم و پڕ زکی خۆم نەبێ، چاوم لە نانی کەس نەبووگە..

ئەو شـــیوە، دنیـــایەک یـــادەوەری منـــی تیـــایە، لەگەڵ منـدالانی گەڕەک، بە تـایبەتی لە هاوینانـدا، ئاوبەسـتمان دروسـت دەکرد و چاوەڕیمـان دەکرد تـاکو پڕ بێتەوە. بەهـــاران دەبـــووە هەوارگەی گـــولان و گـــۆزروان و کەنگەر و گیاویلەی ناسک.

لە بیـــرمە جارێکیـــان ویســـتمان گوێـــدرێژکی تێـــدا بەردەینەوە، ژنێکی کلاوزەرلەسەر، هەمووماني ڕاونا و گوێدرێژی لە دەست ئێمەی دڕندە ڕزگار کرد.

دەگەڕێـمە کـن یـادەوری تـاتەم و مـن و قواتخاسـە و عەتا..

-١٣-

## مرۆڤێک دڵی لای ڕاستە و ئاشقیشە

جارێکیان ئەو عەتایە، زۆر ناساغ دەبێ، بەپەلە دایکی دەیبات بۆ خەستەخانە، دکتۆر دەیەوێ گوێ لە دڵی بگرێ، ترپەکان نابیستێ، بە دایکی دەڵێ:
خوشکم!
ئەم کوڕەی تۆ بێ دڵە! دواتر دەزانرێ کە دڵی کەوتوەتە لای ڕاستەوە.
دایکی ئەو عەتایە، من و بابم دەبینێ کە کەوتوینەتە ناو قواتخاسەکانەوە، دواتر خۆی گێڕایەوە، کەوا چەند نزای کردەوە کە نەگیرێن..
لەناو کەڵبەی قواتخاسەکانین، چەند کوردێکی ڕانکۆچۆخەلەبەر و کڵاش لەپێیان لەگەڵە، تاتەم پالتۆیەکی درێژی لەبەردایە و خۆی تێک نادات. وا ڕێککەوتوین ئەگەر لە منیان پرسی ئەو خۆی تێک نەداو بەردەوام بێ لە ڕۆیشتن. قواتخاسەکان من بانگ دەکەن و داوای ناسنامەم لێدەکەن. تاتەم لەو کاتەدا دەگاتە لامان و دەڵێ(الله ساعدکم شباب) ماندو نەون لاوەکان!
ئەوانیش سوپاسی دەکەن و دەڵێن:
فەرمو حاجی، خوزگە خەڵکی ئەم شارە چەند کەسێکی شیرینی نیشتیماپەروەری وەک تۆی تیابایە، وا سلاوی بکردایە، ئێمە بە دەست ئەم جۆرە لاوانەوە گیرمان خواردوە، بە خوڕایی لە سەر سامانی عێراق دەخوێنن

و شـــەوانەش تەقەمـــان لێــدەکەن. دوای ئەوەی کە سەیری کتێبەکانیان کردم، وتیان:
بڕۆلانەکەیتەوە ناشیرینی سیسەڵە! ئێ ڕوخسارزەرد و لاوازیش بووم..
شتێکی خۆشی تاتەمتان دەربارەی وشەی (حاجی و باش) بۆ دەگێرمەوە. زۆر جار کە پەلەمان دەکرد، تاتەم دەیوت:
(ماتڵکەردێ) واتە چاوەڕێ کەن، ئێوەش چاوەڕێ بکەن وا باســـی نـــاوی حاجیتـــان بـــۆ دەکەم. ئەو ڕۆژە قواتخاسەکان بەباوکمیان وت: حاجی فەرمو، ئەو هیچی نەوت و بەڕێگەی خۆیدا ڕۆێ. جارێکیان لە تەکسییەکدا پێکەوە بووین، شۆفێرەکە بە تاتەمی وت:
فەرمو حاجی لە پێشەوە سواربە!
بابم پێی ناخۆش بوو، کاکە جمێنمان بۆ تێدەگری!
خاوەنی تەکسییەکە، مامۆستا وەک حاجی نورانیت، قژت دەڵێی بەفری کۆێستانە و گەزۆیی!
تاتەم: نا براکەم، هەر باش بوو، نە بوومە حاجی ئەگینا هێنـدەی دی، پتـر ئیسـلام و مـوحەمەدی عـارەبییم ناشـیرن دەکـرد، دەجـار لە بـاتی جـارێ دەمـوت وەڵا تەکســی لەم مامۆســتایانە هەر بەدوو دینــارە، هەزار سوێندم بە کلیلکە مەککە و مەحاسنی خانەقای بیارە دەخوارد. نا براکەم! حەج بۆ خۆت و بابت.
کە تاتەم وای گوت، یەکسەر وەڵامی کابرای خۆرماڵیم زانی، ئەمە تاتەم بۆیە ڕو لە دەرگای خوا ناکات نەبا

ئەوەنـــــــدی دی خـــــۆی و پەیـــــامبەرەکەی وەک شوێنکەوتوانی ناشیرن بکا. ئەوەم گوتە بابم، وتی:
باش بوو دوای چەند ساڵێ پەیت بەو وەڵامە برد، کوڕم هەر پیـاوە ڕیـش و سـەر کەچەڵەکەی خۆمـان باشـە دوایی کەوین!
پرسیم کامە؟
وتی:
مەگەر نازانی؟ ئەوەی باسی شەنیەرەکان دەکا. پێکەنیم زانیم مەبەستی هاوڕێ مارکسی گۆدلە* لولە.
ئـۆخەش وشـەی حـاجیم بـۆ باسـکردن، وا دێـمە سـەر وشـەی (بـاش). هەرکەسـێ لە بـابمی بپرسـیایە باشـی، تاتەم دەیوت:
خوا باش بگرێ!
جارێکیان تازە جوندول ئیسلام لە بیارە هەڵکەنرابوون، پاسەوانێکی بازگەکە لێی پرسی مامۆستا باشی؟
تاتەم وتی:
خـوا بـاش بگـرێ. ئەگەر بـاش زۆر و ئـازا بوونـایە خراپەکان وا دنیایان نەدەخوارد و ئەمریکا بە مووشـەک لە دەریـای سـورەوە بیـارەکەمی بۆردومـان نەدەکـرد! ئێوەش سووک سەیری هەورامیتان نەدەکرد!
تـاتەم وای وت، چونکە یەکـێ لە پاسـەوانی بـازگەکە کە من و تاتەمی بینی، لە ماوەی یەک کـاتژمێردا دوو سـێ جـار پرسـی: کوێوە دەچـن و بـۆچی هـاتوون. کە تـاتەم کەمێ لێی تۆڕەبوو. وتی:

ئیوەی هەورامی تەنها شەقی ئیسلامییەکانتان بۆ باشە. بەداخەوە کە تاتەم ئەو هەواڵەی بۆ یەکێ لە فەرماندەکانی یەکێتی، کە لەبیارە دەسەڵاتدار بوو، گێڕایەوە، وتی:

ئەوە ئێوەیان نەناسیوە!

تاتەشم وتی:

ڕێک وەک ئەمریکییەکان کە سەددامیان دوای سی ساڵ نۆکەری، نەناسییەوە و دنیایان وێران کرد، چاوەڕێ بکەن، سیبەری گوێزەکانیشتان بەپارە پێ دەفرۆشنەوە!

هەڵای( هێشتا) وەک هەورامی دەڵێ ساڵی ١٩٨٣ یە و لە سنووری نێوان گەڕەکی مەجید بەگ و مامۆستایانین و تازە لە کەمینی قواتخاسەکان دەرچووین. کە دواتر لای ئێوارەی ئەو ڕۆژە، باوکم لەلای (مەعروف)ی خاوەن کتێبخانەی گەلاویژ دییەوە، کەوتمە پرسیارەوە، ئەگەر بەو چەقۆیەوە بگیرایتایە چیت دەکرد؟ وتی:

دەموت هەورامیم و بۆ (کاردوەژێ)* هەڵمگرتووە. بوو بە پێکەنین.

کورتە باسێکی ئەو چەقۆ ئەبو ئەلقەیەی باوکم لایە. پێش ١٩٨٣ بوو، دار و دیواری سلێمانی بەدروشمی جۆراو جۆر دژی حکومەت نووسرا بوون. شەوێکیان خزمێکمان بە میوانی هات بۆلامان، شتێکی زۆر سەیری باسکرد، کە کەسێکی نزیکی باوکم، لە چایخانەکەی ئەسحابە سپی، لای مزگەوتی دوو دەرگا، بە ئاشانازییەوە گوتویەتی، ئەم شەو مامە ڕەشە و

کوڕەکەیم دی، دیواریان دەنووسی! تاتەم لەماڵ خۆی حەشار دابوو، بە پڕتاو خۆی ئاشکرا کرد و پرسی ئادەی بزانم ئەو کەسە کێیە؟
ئەو خزمەمان زۆر ترسا، وتی:
فلانە و ماڵیان لە گەڕەکی قەزازەکان لای فلانە مزگەوت!
هەر ئەو شەوە بەرەو ئەو ماڵە چووین، دەتوت تاتەم سەرۆکی مافیاکانە بە خۆی و پاڵتۆکەیەوە، چەقۆی ئەبو ئەڵقەی دەرهێنا و ڕوی لەو خزمەی کرد، ئەگەر شتێک بەسەر ماڵی ئێمەدا بێ، یان کەسێ بگیرێ، وەی لە حاڵت! سەگباب، ئاخر دووانی وەک تۆش بوون لە هەورامان حەیایان بردین و گویزەکانیشتان کردە بەعسی. دوای ئەو چالاکییەی بابم، ئیدی هەندێ لە خزمە بەعسییەکانمان سڵییان دەکردەوە ناوی ماڵی ئێمە و شیوعی بهێنن.

ئێمە ڕێ دەبڕین و دەمانەوێ پێش ئەوەی سێبەرەکان خۆیان بدەن بەسەر ئاواییدا بگەینە کەمەری شاخ، کەمەرێک پڕ لە گیاویلەو شنەی شەماڵ باوەشێنێ دەکا، نەرمە بایەک چوون پەنجەی نیانی کناچڵەیەک کە شەرمێ دەکا دەستی یارەکەی بگرێ. دیاری ژوانی، چەپکە چنووری کاوانێکی کۆسارانە..

تاتەم دەڵێ:
من وای بۆ دەچم ئەم هۆرامانە، بۆیە هێندە زەریف و دڵگیرە، دوور نیە سابات و جوانی کناچەیەکی جوان بێ

و لە ڕێــگەی بیــری، جــوانییەکەی ڕژابێــت سروشــت و بەهەشتێکی بۆ مە چێ کردبێ. تۆ باش لە خۆرنیشینی ئەم وێرەگـــــایە(ئیوارەیە) وردبەرەوە، لە کــــــوڵمی ئەو کەنیشکانە دەچێ کە ڕەنگی سێوێکی گەییویان گرتووە و چاوەڕێی ماچێک دەکەن، تاکو ئاونگی بەختەوەرییان چەمپژێن بکەن.

مـن خۆرنیشـین و تاریـک و لێڵ و کـازیوەم زۆر بەڕێ کـردوە، ئێـوارەیەکە لەسـەر لـووتکە چەکوش و سـادری قەنــدیلین، ئـــای لەو وێرەگـــایە و چـــۆن ئەندێشـــەمان ئەفسـانووی دەکـات، بیـری دەمێکـی کـورتە بـێ دەنـگ بـــووە، دەوارێـــک، دووان ،ســـێیان، کـــۆمەڵێ کنـــاچە قریوەیان دێت، دەڵێی من و تاتەم کۆپێ یەکترین، منیش ئەو باسەی بۆ دەکەم وئەویش گوێی بۆ شل کردووم:

تاتە:

ئەو کنـــاچەیەی تـــۆ باســـی دەکەی کە جـــوانی لەگەڵ سروشـــتدا ئـــاوێتە بـــووە، لەو قەنـــدیلەش دیـــتمەوە. بەیـــانییەکی زووە، لەبەردەم دەوارێکـــدا، کـــانییەکی چکـۆلەش بەفـراوی دەپژێنـێ، کچـۆڵەیەک، نـازدارتر لە فریشتەکانی یەزدان، هەمان کوڵم و سـەرگۆ و ژیـرکەڵە، تـابلۆیەکی دیرۆکـی و لێـو بەخەنـدە و پـڕ قـوبەیەک جوانی، لەو سێوانەی لە باخەڵن کە ئاڵ دەچنەوە، نیگای چـاوانێکی شـین، دەتـوت ڕەنـگە شـینەکەی ئاسـمانیش لەوەوە پـژی* بەرکەتووە. گۆنـای مەمکـی دەرپەڕیـوی، لەو پـوازگە بەردانە تیژتـر، تـابلۆیەکی مرۆیانەیـان لە ناخدا دەکۆڵێ.

بابم قسەکەم دەبڕێ و دەڵێ:
ئەو کەسەی نەزانێ جوانی ئافرەتێک وێنا بکا، ناشزانێ نیشـــتیمانێک بەتەواوەتـــی خـــۆش بـــوێ. ئەو لاوەی نەشارەزابێ لە پەیکردنی گەردنی کناچەیەک، چەندیش گەشـت بکـا، چێـژ لە دیمەنەکـانی وەرنـاگرێ. تـۆ لەم تاقیکردنەوەدا دەرچووی کوڕم!
تاتەم پتر باسی کناچەکانی قەندیلی لێمدەوێ و منیش بڕیار دەدەم تا وی گوێم لێبگرێ، سەربردەی پتری بۆ بگێرمەوە، ئەمجارەیان تابلۆیەکی لە هەورامانەوە وەک بروسکەی فلاشی کامیرایەک لە ئەندیشەمەوە دەکەوێتە پروشـــە و دەمخـــاتەوە ســـەر کیـــوی ڕەنگـــێن لە هەورامان*:
لە بنـارەوە بەرەو دوا لـوتکە، لـوتکەیەک بە ئاسـمانەوە نووسابوو ڕێمـان دەکرد، تەرزەیەک دایکرد، پێم وابـوو هەورەکـانی ئاسـمان بەرگـی بـووکێنێ بـۆ ئـازادی دەدەورن. لێم تێکچوو، نەم توانی بزانم ڕەنگی گوڵەکانی بەهار بوو ئاوێتەی مرواریيە تەرزەکانی بوو، یان دڵۆپە خوێنی ئەو هاوڕێیەی کە لە پەنامدا ساردبووەو ڕەنگی گۆڕی بوون، . ئەو دۆندە بووە تابلۆی یادەوەریی ئەو ڕۆژەم. ئەو کـوڕە گەنجێکـی بەسـراوی بـوو، ڕەنـگە پێشـتر لە خەویشـدا کۆساری وای نەدەیتبێ، هێندەم لە یادە مـاوە ڕۆژێکی بەهـاری ١٩٨٤ بـوو، نزیکی گونـدی هێلانپـێ، لە تـولەرێی گـوزەری کەمەرێـک، کە لە بـۆی مێرگی گوڵاندا مەست بوو بوو.

کۆساری ڕەنگین، هەورامان، زنیجرە شاخی سورێن
کاردەوەژێ: دەرهێنانی کاکڵەی گوێزی فەریکە بە چەقۆ

-١٤-

**تەعریب و چەقۆ**

**سەددام کابرایەکی باش بوو**

شــوێن هــاوێنە هەواری دوکــانە، نێــوەڕۆیەکی گەرمە. چێشتخانەیەکی سەرەڕێیە و کۆمەڵێ ڕێبوار، سـەرپۆش و بــێ پــۆش، کــورد و زۆربەی عەرەب، تــاک تــاک جامانەبەســەر و پتــر عەگــاڵ و دزداشــە وەک بەفــری لوتکەی پیرەمەگرون سپی دەچننەوە، بەردەوام دەنگی عەرەبــی وەک فــڕۆکەی ســیخۆی هــاژەی دێ، هەنــدێ وشــەی عەرەبــی دیــش، وەک کەبــابی ســەر خەلــوز دووکەڵیــان لە دەمــی چەنــد شــاگردێکی کــوردەوە لــێ هــەڵدەســتێ، و هــازە و هــوە و هییە بەســەریەکدا، وەک چێشتی مجێورە ..

دوای نانخواردن بە نیازین پارە بدەین و بچینە دەرەوە، خــاوەن چێشــتخانە کــۆمەڵێ درواى وڵاتــانی لکانــدوە بە مێزکەیەوە. لەنــاو دراوەکانــدا ٢٥ دینــارییەکی ســەردەمی سەدامی تیایە. کوڕەکەم دەپرسێ ئەوە کێیە؟

پێی دەڵێم ئەوە وێنەی دیکتاتۆرەکەیە .

خاوەن چێشتخانەکە: بە قوربانی خۆی  و پارەکەی بم، هەر خۆی پیاو بوو، زێڕی تەواو بوو..

باوکم خۆم پێی ناگیرێ و وەڵامێکی تێ دەگرێ :

مەگەر ئەم حکومەتەی خۆمـان فافۆنە! ئەی ئەم هـەموو ڕەنگە ســەوز و زەرد و چییە، سـیرەی چـاوی ئـێمەت، وەک دیۆجامە پێ بردووە؟

هەمان چێشتخانە، هەمان خاوەن بەهاری ساڵی ٢٠١٣ کە چەند پاسێک بووین، کە بەڕێوە بووین بۆ قەندیل، وتی: تەنها پەکەکە فریادڕەسی کوردستانە...
هاوینەهەواری دوکان. کاتژمێر دوو نیوی پاش نیوەڕۆ
٢٣-٧- ٢٠١٥

-١٥-

## پیاوێک هەناسەی دەریا بوو
## هێشتا چاوەڕیی وی دەکەم

ئەم یاداشتەم لە دمی کەسی سێیەمەوە لە دایک بووە، ئەو ژنە وای دەگــــۆ: {..مــــن نە دەریــــام دیتبــــوو نە شــــەپۆلەکانی، بەلام چــــون گەردەلــــوولی هەردەکــــانی گەرمیــــان هەڵــــی دەکــــرد، هەردەکــــانی جەســــتەمی کاکیبەکاکی دەکرد، کە دەچوومە جێی ژوانی، شتێک نەدەما ناوی نهێنی بێ نێوان من و وی. زۆر جاران ژوان لە کاتی بێریدا بوو، هێندە لەیەکتر ڕادەماین، هەر هێندەی مابوو، ببینە کۆمەڵێ دڵۆپی خوشەویستی گۆمێکی بارانــدڕی کەورگێک و دەریایەک لە ئەوین دروست بکەین، بۆ نا؟ دەبووین گەر ئەنفال هەموو شــــتێکی نەســــووتاندایە، کەڕەتــــی وا هەبــــوو، بە دەم دروێنــەوە، گــوڵە گەنمــی چەپــک دەکــرد و دەیــدامێ. جارێکیــان یەکێ لەو تیلکە وشکانە، خوێنــاوی بــوون، وتــی: بــا ئەو دڵۆپە خوێنــانە ببــنە ســەرگوڵی ســووری چەپکەکەم..

بەڵــــێ! ئەنفــــال بە هەمــــوو گــــڕییەوە، نەیتــــوانی تینــــی چــاوەڕوانی مــن دامــرکێنێتەوە مــن بە تەنیــا بە گەرمــی لەشــی ئەو هــەڵ دەکەم..ئیســتەش شــەوانە ســەردەنێم بە سنگییەوە، گوێ لە هەناسەکانی دەگرم، هێندە گوێم لێ گرتوون، وەک ئاوازی گۆرانی دیوانە و هۆرەی میمزا مەچۆ، یەکیەک بڕگەکانی دەناسمەوە، من ئێژم ئەوەی

دڵوازیی* نەکردیە، تامی میوەی باخی ژیان نازانێ..
مـن هەنـووز ئەو میـوەیە دەخـۆم بـۆیە بەردەوام لە چاوەڕێیـدام، ئەنفـال چەنـد دۆزەخ بـوو، بەلام مـن لەو بەهێزترم دەمەوێ ئەو کوڕە دەریایەم بۆ گەڕێتەوە.
کانی قادر، هاوینی ١٩٨٨
دوورنـیە، منـیش هێشـتا دوای ئەو تەمەنە، لەو ڕۆژەوە گەرمیـان ئەنفـال کـراوە، چـاوەڕیی گەڕانەوەی سـەدان کچـی دەریـا نەکەم، کە بـۆ کـوڕە مێرخاسـەکانی بگەڕێنەوە. ئەو چاوەڕی یەکێکان دەکا، من هـەموویان، هی شوان، کۆیێ و بادینان، بە کوڕان و کچانەوە..
من هێشتا وشەکانی باوکم ئەو هـاوینە، گەرمـای سـاڵی ١٩٨٤ لەو دۆڵەی کەڕەچـاڵ لە یـادە، کە هەنـدێ جارڕەشەبا گوێ کپ دەکردین، وای دەگو:
مـۆڵگەی سـەر ئەو لووتکـانە وەک کیمـی برینێکـی قـووڵ بۆ کێوەکان وان، ئەدی وا نییە هاوڕێیان !
هـاوڕێ سـەید عەلـی جەبـاری کە کەمێک بەتەمەن بـوو، وشەکانی بۆ دەسەندەوە و ڕێک باشت پێکا هاوڕێ!
ـ ڕۆژێ دەبێ ئەو فایرۆسـانە تـار دەنرێن و دۆندەکان وەک جارانکەژاوەی سپی ئاشتی دەپۆشنەوە و ڕەنگەلی کناچان ولاوان ئەو هەوارانە پڕجۆشی ئۆمید دەکەنەوە..

ئێـواریەکی درەنـگ وەختـی زسـتانی دۆڵـی کەرەجـاڵە، دەڵـی زەردەی خـۆر ئـاواتیکی بـابم دەهێنێـتە دی و دیمەنێکی لاوییخۆیم بۆ دەگێڕێتەوە، باوکم سـەیری ئەو

تـابلۆ جـوانەی سروشـتێ دەکـا و لە بەر خـۆیەوە ئەم هۆنراوەیە دەڵێتەوە:

دەی دەی باڵابەرز، کەی دێی بەڕێوە

چون بەفری کویسان زەردەی خۆی پێوە

بەڵێ! بەفریش وەک خەونەکانی باوکم ڕەنگی پرتەقاڵی گرتووە

هاوینی ساڵی ١٩٨٤ کەڕەچاڵ

-١٦-

## دۆلارە سەوزەکانی باوکم

یەکەم جار ساڵی ١٩٩٣ دوای حەوت ساڵ کە چاوم بە باوکم کەوتەوە، وتی :

ئەو دۆلارە سەوزەی ئەنگۆ پێی دەڵێن میوەداری ترێی بەرەکەت، هەمووتان دەکا بەگژیەکتردا و تاق و تەرا خێزان دەمێنێ، کە بەیەگرتووی بمێنیتەوە. هەرواش دەرچوو، سەدان خێزان کە منداڵیان لە ئەوروپا بوو، بەردەوام قاوقڕیان بوو،

جارێکیان پێکەوە، هەر ئەو ساڵە کە گەڕامەوە بۆ کوردستان، باوکم هەمان باسی بۆ شۆفێری تەکسییەک، کردەوە، شۆفێرەکە هێندە سادە بوو، پێش ئەوەی چوارپەلەی قسەکانی بابم بدەن لە عەرز، کەوتە وەڵام هاویشتن: جا خۆ ڕۆبڵ فریامان ناکەوێ، تۆ با من چەند دەفتەرێکم دەستکەوێ، ئیدی کوڕ و کوڕەزا و ئامۆزا هەر بڕۆن سیر بخۆن و زووڕنا لێبدەن.

تاتەم(بابم) بەرسڤی دایەوە :

پەلە مەکە براکەم، هێشتا سەرەتایە، بزانە ئەرز و ئاسمانیشتان لێ نابێ بە ژەهر و ئەوانەی دەسەلاتیان هەیە و دۆلارە سەوز پاشکەوت دەکەن، چۆن وەک چیرۆکی دوو پشیلەکە، بۆ دووگەکە دەبێتە شەڕیان! هەڵپەمەکە! ئاسمانی ئەم وڵاتەش بۆگەن دەکەن و برا دەدەن بەگژ برادا..

هاوینی٢٠١٣ ، لە تەکسییەکی دی، شۆفیرێک وتی :

هاوسەرەکەم گیرفانی خۆی هەیە، دەفتەرەکانی(دۆلارەکانی) پتر لە من ئەڤیندارترن، یەک و دووم لەگەڵ دەکا، براکانی ناناسێ، خۆشم وا خەریکە ژنێکی دەوڵەمەندی خاوەن دۆلار و تەلار، مار دەکەم، ئای دۆلارەکانی جۆرج بۆش کو بۆشی هەموومانت گرت ..

-١٧-

## باخی خواجای

کانییەک بەهەشتێکی لە ئامێزدا ئارامداوە
و بەفراوی کۆساران دەچۆڕێنێ..
کانییەک دڵی لە بەفراوی چیا دەچێتەوە، سازگارتر لەو ئاوەی، کە لەو بەهەشتەی باس دەکرێ، کە زۆر کەس نوێژانی بۆ دەکا و بە دیاری، چەند پێکێکی وەک تەبەرک لە بیابانەوە دەهێنێتەوە، کانییەک لەگەڵ خوێدا، یادەوەرییەکانی منداڵیم، لەگەڵ خویدا، تێکەڵ بەگەڵا پەپولەکانی دار قەیتەرەکانی باوەشی دەکا...
منداڵ بووین، هاوینان وەک ئەم هاوینەیی ئەورۆ، لە بەردەم کانییەکی وادا، دەها کانی وا، لەبن سێبەری دار گوێزان، لە شوێنێکی دی، لە هەمان ناوچە، کێبڕکێ ئەوەمان دەکرد، کە کێ پتر دەتوانێ قامەکەکانی تێدا بهێڵێتەوە. کانییەک ڕەنگە لە شەرمی جوانی سروشتی هەورامان، وا ئارەقەبەفری لێ بچۆڕێ. سەیرە، من نیوەی تەمەنم لە وڵاتی شەختە، شەختەتر لەوەی ئاوێسەر* ،لەوەی دڵی قەندیل، دەژێم، بەڵام قامەکەکانم هێشتا بەرگەی ساردیی ئەو کانیە ناگرن. ئەو کانییە کە دەیەوێ هەزارباره لە ئامێزی بمتەزێنێتەوە، تاچیدی بیر لە کانیاوی دی نەکەمەوە..
کانیگەلێک ، هەروەک لە کانەی دیدەنیم ئاوقولێنیانە..خۆشم دەوێن..

## -١٨-
## بارەگای حزبەکان

کۆتایی ساڵی ١٩٧٩یەو دیسان گەڕەکی مامۆستایانی شاری سلێمانییە. درواسێیەکمان هەبوو بەردەوام بە کوردی پەتی دەئاخاوت، کە یەکێک بیپرسیایە ئەم گەڕەکە ناوی چییە، دەیگۆ دۆڵی مامۆستایان، کوردپەروەرێکی نەتەوەیی بوو، دواتریش بە هۆی زاوایەکییەوە، پێشمەرگە تەقەیان لێکرد. هەندێ گەنجی چوختیش بە چێژێکی دی ناوی ئەو دۆڵەیان دەبرد.

دێمەوە سەر ماڵی خۆمان کە ژاوەی دێت، لە کۆنە پارتی، یەکێتی، چەند شیوعییەک، لەوانە بابی (هیوای)یەک کە بە خێزانەوە خۆیان حەشار دابوو، کوڕێکی گەرمیانیش، هەر لە سۆرەکان بوو (عادل)یان پێ دەوت، بە رێکەوت خۆی کرد بە ژووردا.

هەر لە دوورە خێرا تیلە چاوێکم تێگرت کە ئاساییە و بەڵام دەبێ دەمی خۆی بگرێ. نوری جڕتینۆفیش لەوێ بوو، دوایی باسی ئەو جرتینۆفەشتان لە یاداشتەکانی خۆمدا بۆ دەگێرمەوە. ئەو ڕۆژە تەنها دەمڕاستی بەعس لەوێ نەبوو، ڕەنگە سیاسیەکان هەموویان ماڵی ئێمەیان کردبووە دیواخانی شانیشین. ئیدی یەکێ بە گەرمیانی قسەی دەکرد، یەکێ شارەزووری، هەولێری و هەورامی و کرمانجیش هەبایە ئەویش دریغی نەدەکرد.

دەمەو ئێـواره بـاوکی دایکـم، خـۆی کـرد بە ژووردا، فەرەنجـی لەکـۆڵ و مشکیبەسـەر، ڕێـک وابـێ ئەویـش وەک نـوێنەری هەورامییەکـان خـۆی بنـوێنێ. مێـردی پورم(عەلی شاوەیس) کە مەلاییەکی تۆخ بوو، خوای لە یاد بکردایە بەرزانی لە بیر نەدەکرد، وتی :

جافرسـان خـۆی کـرد بەژووردا، بەعـس لە گـۆێی گـادا نووستو .

سەروسیما و جلکی باپیرەم بۆ خۆی پێگەیەکی پێدابوو و نەرم نەرم گـوێی لە قسـەکانی ئەوان دەگـرت، کە بـۆچی شۆڕشـی پێشـو شکسـتی هێنـا. قسەشـی تـا ڕادیەکی باش دەڕۆی. جارێکیان دایکمی لە بازار بینی بوو، پێی وتبوو:

کچێ! خۆت و حەمەڕەشید سەیری ئاوێنە بکەن، بزانن چیتان بۆئەو شیوعیانە لێهاتووە!

واز لەم (حیزەحیزاڵێ)یە بێنن! ڕەنگتان وەک هەنجیری وشکی لێهاتووە، ئەگەر باختـان دانـایە، ئێسـتە دەهـای کەسی دیش لە سێبەری ئێوەدا دەژیان ...

ئێوارەیەکی ساڵی ١٩٧٨ گەڕەکی مامۆستایان سلێمانی، باشووری کوردستان

## ژیاننامەی تاتەم



هــاوڕێ ڕەشــید هەورامــی، گەنجیــنەیەک لە خەبــات و فەرهەنگێکی ڕۆشنبیری بۆ کرێکاران و هەژاران.
منــداڵێک لە گونــدێکی چکــۆلانەی ئــامێزی کۆســـەرەکانی هەورامــان، لەشــارەدێی بیــارە، لە خێزانێکــی هــەژار،

لەساڵی ١٩٣٣ لەدایک دەبێ، باوکی هەر لە منداڵییەوە کۆچی دوایی دەکا و فریای خەندەی منداڵەکانی ناکەوێ. دایکی، شکۆفە ناچار دەبێ، بە باخەوانی و ڕستن، بژێوی ژیانی جگەرگۆشەکانی مسۆگەر بکا. ئەو منداڵە بزێوە بە بونی گوڵە هەڵاڵە و وەنەوشەی باخەکانی بیارە و بەفراوی کۆساران پەروەردە دەبێ و ئەویندارێی نیشیتیمان دەبێتە بەشێک لە ژیانی. بەهۆی کەمدەرامەتییەوە، بە هەموو خیزانەکەوە، تەنها ئەم دەخرێتە بەر خۆێندن و براو خۆشکەکانی (کەریم، ئۆسمان، هومەێرا) خەریکی باخەوانی دەبن.

هەر لەشارە دێی بیارە خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکا و دواتر دەچێتە پەیمانگای مامۆستایان و لە ساڵی ١٩٥٢ دەبێتە مامۆستای سەرەتایی و لە گوندی نزارە ، نزیک قەزای پینجوێن و دادەمەزرێ.

لە ناوەراستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، هاوسەرگیری لەگەڵ شارا موحەمەد ئەمین سلێمان، خەڵکی هەمان گوند) پێک دەهێنێ و دەبێتە خاوەنی هەشتی جگەرگۆش بەناوەکانی (مەهاباد، سروە، هاوڕێ، ئاسۆ،بیار، لهۆن، کۆساڵان و تانیا).
.وەک خۆی دەیگێرایەوە، لەکۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا پێوەندی بەڕێکخستنەکانی حزبی شیوعییەوە دەکا و تێکەڵ بە شەپۆلی بزوتنەوەی چەپ و ئازادیخوازەکان دەبێ، و وەک خوێندکار و مامۆستایەک

ڕۆلێکــــی بــــاڵا دەگێــــڕێ لە ســــازکردنی جوتیــــاران و هاوپیشــــەکانی دی. بەشــــدارییەکی کــــاریگەری دەبــــێ لە مــــانگرتنی خوێنــــدکاران دژی حکــــومەتی پاشــــایەتی و پەیمــــانی پۆرتســــمۆش ١٩٤٩ی داگیــــرکەری ئینگلیــــز لە کۆتایی پەنجاکاندا.

تێکەڵبــــوونی هــــاوڕێ حەمەڕەشــــید بە بــــزووتنەوەی جەمــــاوەری و ڕۆشــــنبیرییەکان، بنەمــــایەیەکی هــــزری فەلسفەی و ڕۆشنبیری بۆ دروست دەکا و ساڵی ١٩٥٤ شەرەفی ئەندامیەتی وەردەگرێ. لەو ناوەنەدا پڕ ئاڵۆزە سیاسی و کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا، بەهۆی دژایەتیکردنی دەربەگەکــانەوە، چەنــد جــارێ دووچــاری ڕاوەدوونــان دەبێــتەوە، و هاوســەرو منــداڵەکانی گوشــەگیر دەکــرێن. چەنــد کەڕەتــێکش لەلایەن پۆلیســـەکانی پاشــایەتییەوە مالەکەی بەر فیشەک دەدرێ.

بە دەر لەوەی کە ڕەشــــید هەورامــــی، چــــالاکوانێکی سیاســی، دەبــێ، بەڵام بەشــی نووســین و فەرهــەنگی کــــوردیش فەرامــــۆش و ناکــــات و وەک ســــامانێکی نەتەوەیــی ســەیری دەکــا. دەکەوێــتە ژێــر هەژمــونی سرۆشتی جوانی هەورامان و بوونی تەکیەی شێخەکان و چەنــد شــاعیر و هۆزانڤانێــک و نــاتوانێ خــۆی جیابکــاتەوە، لە منــداڵییەوە، بەهــرەی نووســین دەبێــتە بەشێک لەژیانی.

لە پــۆلی چــواری ســەرەتاییە، کە هــۆنراوەی خــۆی بەناوی کەمەر سەلارە* ، لەسەر کەمەری کێوێکی ئەو

ناوچەیە، دەهۆنێتەوە کە جێی ژوانی دڵداریی گەنجانی هەورامان دەبێ:-

کەمەر سەلارە کەمەر سەلارە
تاجی نگینی و خۆشی بیارە
سەروت شاخی بەرز بەردە (خۆاجایی)
حەوزی باخات و سەیرانگاو شایی
ئەوبەر( کاوات) و قەسرو سەردانی)
(هەوارەبەرزە)و (دەرگاشیەخانی)
ئەولاش (سەرهاڵ )و(هانەپاڵەوان)
ئەو سەنگەرانەی هەرقلیان بەزان
بۆیە من رۆژێ ئەگەر نەتبینم
بەرچاو تاریکە و لیخنە ژینم
ڕۆژێ لەڕۆژان ئەگەر من هەڵات بم
وێل و ئاوارەو دوورە وڵات بم
گشت هۆش و بیر و بوونم لای تۆیە
لە تۆ بەو لاوە ژین لام درۆیە

بەرهەمەکانی ڕەشید هەورامی بریتین لە مانەی خوارەوە:-

١ .مێژوویەکی ناوچەی بیارە ١٩٥٦ لە کەلەوپوری میللی. چاپنەکراو

٢ .کالای هەمەڕەنگ ١٩٦٤ لە گۆڤارت کەل وپوری میللی بڵاکراوەتەوە

٤ .مێژووی گوڵپ ١٩٥٧ گۆڤاری کەلپوری میللی

٣ .تـأريخ لهـۆن به زمـانی عەرەبـی ١٩٦٦ له گۆڤـاری التربيـة له ديـوانيه بلاوكـراوەتەوه، كه لەژێـر ئيقـامەی جەبريدا بووه

٥ .پـووره مـولكی عێـوەزی بيـارەو حيكايەتەكـانی. رۆژنـامەی بيـری نـوێ ژمـاره ٢ی ١٩٧٤. كه هاوكـات ئەنداميكی چالاكی دەستەی نووسەران بووه

٦ .خێراكه مهاباد. بەيان ١٩٧٣ بەغدا

٨ .من و هێمنی شاعير ١٩٧٥ بەغدا

٩ . بۆ بيارەو تەوێڵه دەگەڕێمەوەڕۆژنـامەی بيـری نـوێ ١٩٧٥

٩ . كەرەجاڵ ئەی دەزگيرانەكەم ١٩٨٥ شاخ

١٠. كۆمەڵێـک وتـاری لەژێـر نـاوی خـوازراودا له كـاتی خەباتی شاردا. له ساڵەكانی ١٩٨٠-١٩٩١ دا

١١. ڕوخسـار و ڕۆڵـی گـۆرانی شـوانكاری له مێـژوودا. گۆڤاری هەندرێن ژماره ١١ی ٢٠٠٣

١٢. الرجوع الیٰ هورامان ١٩٩٨ سورية

١٣ . پردی وەنەنێی هەجيج، گۆڤاری رامان ژماره ٥٩

١٤. چەند تابلۆيەكی تری هەورامان. گۆڤاريڕامان ژمـاره ٥٧

١٥. سياچەمانەيەكی تر كامەيه تر. گۆڤاری ڕامان ژماره ٤٥

١٦. تراژيـدياى ميـژووی داسـتانی سـياچەمانەی هەورامان، گۆڤاری ڕێباز ١٩٦٨

١٧. .سەيرانگای گەلی عەلی بەگ. هاوكار ١٩٦٧

١٨. چەندان نووسینی هەمەجۆر لەڕۆژنامەکانی ژین، بلێســه، ریگــای کوردســتان، هەنــدرین، بیــری نــویٚ و ئابوری کوردستان له سالّی ١٩٧٠ تا ٢٠١٤
١٩. نامیلکەی مێژووی بیارە
بەرهەمی کتێب :-

- هەڵاڵە برایمەی هەورامان١٩٧١

بەداخەوە بەهــۆی ڕاوەدونــان و کەم دەرامەتیــیەوە، ڕەشــید هەورامــی ئەو دەرفەتــی بــۆ نەڕەخســاو بەرهەمەکانی کۆبکاتەوە ولە چاپیان بدات .

- هەورامــان لانەکــی و بیشــکەی مێــژوو، کە لە پێنج بەرگ پێکهاتوە.

ڕەشـید هەورامـی ئەنبـارێکی هـزری و فەلسـفەی ژیـان بـوو، بـاوەڕی تەواوی بەیەکسـانی ئینسـانەکان بـوو، بەردەوام پێــی لە ســەر ئەوە دادەگــرت کە مرۆڤەکــان ســەرباری جیـاوازی ڕەگەز، ئـاین، نەتەوە و شـوینی لە دایک بوون یەکسـانن و دەبێتە بەو ئاراسـتەیە کەسـانی مـــرۆڤپەرەوەر کـــاربکەن. هەر بـــۆیەش بەردەوام دووچاری راوەدوونان بووەتەوە .
بەهــۆی هەڵوێســتەکانییەوە، لەشەســتەکانی ســەدەی رابردوودا، لە باشووری کوردسـتان، بۆ عەرەبسـتان، لە شــارەکانی ناســریەوە دیــوانیە و دوور دەخــرێتەوە، لەوێش دیسان بەردەوام دەبێ، لەسەر خەباتی چینایەتی خۆی .

لە دوای هێرشە دڕندەکەی بەعس بۆ سەر گەلی کورد و شیوعیەکان، ساڵی ١٩٧٨ ،ڕەشید هەورامی ماڵەکەی دەکاتە بارەگایەکی حزب و دەیان پێشمەرگە و ئەندامی حزب و شیوعی و لایەنەکانی دی پەنا دەدا. خۆشی تا ساڵی ١٩٩١ درێژە بە خەباتی نهێنی و شاخ دەدا و دڕندەیی فاشیەکانی بەغدا ناتوانێ ورەی بشکێنێ.
ڕەوانت شاد، ئەی خاوەن گەنجینەیەک لە خەبات و تێکۆشان وفەرهەنگی کوردی

ئاسۆ بیارەیی
٣١ی ئازاری ٢٠١٦ سلیمانی ، باشووری کوردستان

## دوا وشە

یاداشتێکی سەربان هەڵوەریوم

تاتەم دەیگۆ:
ژیان باخێکی پڕە لە یاداشتی تاڵ و شیرن، هەندێ جار مرۆڤ هێندە جۆشی گەرمە، پەلەیەتی بگاتە ئامانجەکانی، کە ئەگەر بۆی بکرێ وەک شەپۆلەکانی دەریا دەچێت بەرەو ئاسماندا و کام کەنار بەردەڵان و پڕ پوازکە و دژوارە، خۆی پێیدا دەماڵێ، کە هێمنیش بووەوە وەک ئەوەی هیچ ڕوی نەدابێ دەبێتە ئاوێکی مەنگ. ئەم بەهەشتەی هۆرامان، تابلۆی دیواخانی دڵی منن، هەرگیز کاڵ نابنەوە...

من: تا ئەمڕۆش تامەزرۆی ئەو گەمەیەم
یاری ماڵ ماڵێنەمان دەکرد, ئەو گەمەیە لای منداڵانی کەرکوک ناوی عەتەباجییە. تەمەنی ئێمەی زارۆک ئاوێتە کۆڵانەکانی سلێمانی بوو بوو، ئێمە چەند منداڵێک بووین، کچ و کوڕ تێکەڵاو، پەروشی یاری، هەموومانی گڕ دابوو، یەکێ بەردی دەهێنا، ئەوی دی چیلکە و دانەیەکی دیش خۆی دەکردە بەربووک، هەمووومان لەو ئاسمانە شینەی بان گوەیژە سادەتر بووین و تەنها چەند ڕەنگێکی ژیانمان دەبینی. گرنگ سەرگەرمی خۆشی بوو.

کچۆڵەیەک، لە گوڵهەنارێکی سوری دارهەنارەکەی حەوشەکەمان دەچێ، تیلەی چاوی تێبڕیووم، منیش نازانم مەبەستی چییە و بەردەوام ئارەزووی ئەوە دەکەم، کە تەنێ لەگەڵ ویدا یاری بکەم، ئەمڕۆ تەمەنم پێنج هێندە هەڵکشاوەو هەڵای( هێشتا)چێژی ئەو یاریەم دەوێتەوە. ئەو کەنیشکە، ساڵانێکە بەشێکی دڵی منی لایە و شەپۆلەکانی ڕوحم بەرز و دابەز پێ دەکا..
بەداخەوە ئەم یاداشتە نیوەی پتر هەڵوەرییەوە و کاڵ بووتەوە، سەرباری ئەوەش، خۆشبارم کە چەند وشەیەکەی دوای ئەو هەموو ساڵە، وەک وێنەی لاڕێکانی گەرەک، لەیەکێ لەلاپەرەکانی دڵمدا هەڵکۆڵراوە.
ئاسۆ بیارەیی
١٩٨٩ قەندیل ، کوێستانی گوێزێ..

## فەرهەنگی وشەکان

تەوەن: بەرد

کێڵ: کۆگای ناوباخ

دەرە: چەم

دژمان: جنێو

تاتە: باوک

کناچێ: کچ

هانە: کانی

هەڵاییێ: هێشتا

مامۆ: مامە

بنەوان: سەرەتای جۆگە

مەتی: پور، خوشک دایک یان باوک

تاش: گابەرد

## بەشی وێنەکان

### کانی خواجای، باخی مامۆستا موحمەد عەلی، لە بیارە



## خەڵاتەکانی نووسین







**وێنەی یەکەم:** سەیرانی یەکی ئایاری ١٩٧٦ لە سەرچنار. لای ڕاستەوە خۆم، سروە ،لهۆن، دایکم، تاتەم و بیار.

**وێنەی دووەم:** باوکم، دایکم و تانیای خوشکم ١٩٨٢ماڵی خۆمان

پۆرە سەلما

ساڵی ٢٠٠٣، باخی زینێ گۆڕێ، لە شارۆچکەی بیارە




باخچەی مندالانی سارا، زڕگوێز، سلێمانی.

لەڕاستەوە: ئازاد، تاتەم و نووسەر عەلی کیتیابی











ڕەشید هۆرامی و دایکم، شارا موحەمەد ئەمین بیارەیی



وێنەی باوکم و هاوڕێی برام.



ئارامگەی باوکم لە گردی سەیوان، سلێمانی، باشووری کوردستان. ٣١ ئازاری ٢٠١٦



لە ڕاستەوە باوکم، نەرمین، تانیا.
ئەوانەی پشتەوە: بیار، لالۆ، هەڵاڵە. سلێمانی پارکی ئازادی ٢٠٠٦



گەڕەکی کاوات، شارۆچکەی بیارە





سەرچنار ١١ی ئازاری ١٩٧٢ سلێمانی باشووری کوردستان.
لەڕاستەوە: دایکم شارا، هاوڕێ، لهۆن، خۆم. ڕیزی پشتەوە: شاهۆ سەردار، منداڵەکەی باوەشی (بیار)ی برام، ئاشتی مەجیدی ئەفەندی دراوسێمان و (مەهاباد)ی خوشکم.

وێنەیەک خۆی دەدوێ: لە ڕاستەوە باوکم، مەهابادی خوشکم و دایکم. دابڕانێک لە ساڵی ١٩٨٣ تاکو ١٩٩٣ و شادبوونەوە بەدیداری دایە و بابە.



له ڕاستەو:  مام سادق و پورە عزرا ، بیارە ١٩٩٨





لەڕاستەوە:
هاوڕێی برام، خۆم، تاتەم، لەۆن و سروەی خوشکم ١٩٧٦ بەغدا

له ڕاستەوه:
کەریم بەگ، برای باوکم، تابان بوکیی جەزای کوڕی، و عایشه هاوژینی کەریم بەگ. منداڵەکه ،سەربەستی کوڕی تابان. نەوەی مامۆ کەریم





لەڕاستەوه: دایکم، پوره سوەیبه لەشارۆچکەی نەوسود






یەکەم بەرهەمی  تاتەم وەک پەڕتووک



کەمەر سەلارە، جێژوانی ئاشقان لە شارۆچکەی بیارە



درەختی خێزان( خوشک و براکانی تاتەم ڕەشید بکر مەحمود هەورامی)



کەریم



ئوسمان



ڕەشید



هومەیرا

## پرۆفایل: ئاسۆ بیارەیی



1. شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی مەڵکەندی، سلێمانی١٩٦٣
2. خوێندن: شەشی وێژەیی لە سلێمانی. لە ١٩٨٣ تا پایزی ١٩٩٠ پێشمەرگە و خوێندنی باڵا لە کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی لە وڵاتی سوید تەواو کردووە
3. سەرنووسەری گۆڤاری ئینتەرنێتی هۆرامان ٢٠٠٥ –٢٠١٠
4. ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سوید

**بەرهەم:**

5. کۆمەڵێک هۆنراوە، ساتیر، وتاری ڕۆژانە و چەند ڕاپۆرتی زانستی لە سەر

دەروونناسیی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕۆژنامە و سایت.
کەیسی زمانی یەکگرتوو. دید و بۆچون

**شرۆڤەی زانستی**

6. ژنانی کورد و ساتەکەنیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا. تێزی زانستی بەزمانی سوێدی
7. پەروەردەی پێچەوانە، تێزی(ماستەر ئاستی یەک) ماجستێر. بە زمانی سوێدی
8. گرنگی یاری بۆ منداڵان. توێژینەوە

**پەڕتووک**

9. لە نێوان بێ ڕەنگی و نەبووبی هەستی نەتەوایەتی نیشتمانیدا ٢٠١١
10. کاریگەری ئەنفال لەسەر ژنان و کچانی کورد. چاپخانەی مەتین لە سلیمانی ٢٠١٣
11. یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک ١٩٨٦ –١٩٩٠ چاپی یەکەم. ٢٠١٤ چاپخانەی رەنج
12. ئاوارەکانی بناری چیای ئەودیو. ١٩٨٣– ١٩٩٢ بەرگی یەکەم چاپخانەی کارۆ، سلێمانی باشووری کوردستان.
13. لە ئامێزی سۆشیال سایکۆلۆژیدا. ٢٠١٦ چاپخانەی کارۆ، سلێمانی باشووری کوردستان. شرۆڤەی زانستی
14. گۆڕانێک پێش گوڵکردنی ٢٠١٦ چاپی سوێد
15. هەسارەکانی یادەوەریم، چاپنەکراو

16. ملشــکاندن و دەســـتەمۆیی، بەدواداچــوون و شــرۆڤەی زانســتی- دەروونناســی کـۆمەڵگە، چاپنەکەراو

*About this book:*

*The book is about some aspects of my memoirs with my father Rasheed Biarayi (1933 - 2016). I touch on his autobiography and his literature .*
*My father was a well-known veteran freedom fighter, writer, chronicler and literary analyst, who left behind various literary works, including some historical books and ten articles on Kurdish society and its culture. He was a lover of culture as much as he loved nature, and his literary works reflected that.*

Hegbeyekî Kosaran
Asso Byari 2018

ISBN 978-91-984076-3-1

Printed by Karo house in
Sulaymaniyah south Kurdistan